# نوگرەسەلمان
Nugireselman

بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆی ساڵانەیە، تایبەتە بە پرسی جینۆساید و ئەنفال ـ ژمارە (10)ـی رۆژی چوارشەممە (2022/3/16) بەرانبەر بە 25 ڕەشەمێ 2721


# دەبێت حیزبە بەشداربووەکان؛ داوای لێبوردن لە هەڵەبجەییەکان بکەن

کامیل عەبدولقادر، برینداری چەکی کیمیاوی و چالاکوانی بواری جینۆساید، تایبەت بە (نوگرەسەلمان)، وتی:"دەبێت پارتە کوردییە بەشداربووەکان لە گرتنی هەڵەبجە، داوای لێبوردن لە هەڵەبجەییەکان بکەن".

ناوبراو کە هاوکات یەکێکە لە دەستەی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، رایگەیاند:"کاتی ئەوە هاتووە، بە جیهان بڵێین، جگە لە سەدام حوسێن و پیاوەکانی، چەندین لایەن و وڵاتی دیکە، بە شێوازی دیکە دەستیان لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا هەیە".

کامیل عەبدولقادر، وتیشی:"تائێستا پارتە کوردییەکان، داوای لێبوردنیان لە خەڵکی هەڵەبجە نەکردووە، بۆیە کاتی هاتووە ناویان بهێنرێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت".

هاوکات داواشیکرد:"جگە لە رژێمی سەدام حوسێن، دەبێت ئەو وڵات و بازرگانانەی چەکی کیمیاییان فرۆشتووە بە عێراق دادگایی بکرێن، هەروەها ئێران و پارتە کوردییەکان و فەیلەقی بەدر و حیزبی دەعوە، تاوانبارن لە کۆمەڵکوژی هەڵەبجە".

## تاڵەبانی و بارزانی لە یاداشتەکانیاندا

## هیچ ئاماژەیەکیان بە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە نەکردووە

بەپێی بە دواداچونێکی (نوگرەسەلمان)، جەلال تاڵەبانی، سکرتێری پێشووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە یاداشتنامەکانیان، بە هیچ جۆرێك ئاماژەیان بە تاوانی کیمیارانی هەڵەبجە نەکردووە.

جەلال تاڵەبانی، لە کتێبی دیداری تەمەن، کە لە (850) لاپەڕە پێکهاتووە، هیچ ئاماژەیەکی بە تاوانی کیمیارانی هەڵەبجە و وردەکارییەکانی تاوانەکە نەکردووە.. کە چەندین نهێنی لە رۆژانی پێش و پاش رووداوەکە بوونی هەیە.. لەوانە چۆنێتی بڕیاردان لەسەر گرتنی شاری هەڵەبجە و پاشان کیمیابارانکردنی لەلایەن رژێمی بەعسەوە.

هاوکات مەسعود بارزانی، لە بەرگی چوارەمی کتێبی (بارزانی و بزوتنەوەی رزگارخوازی کورد ـ 1975 بۆ 1990)، کە لە (1100) لاپەڕە پێکهاتووە، بە هیچ جۆرێك نەچووەتە سەر باسی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە و رۆڵی پارتی لە گرتنی شارەکە.

هاوکات مەسعود بارزانی، بە هیچ جۆرێك باسی حەوت قۆناغی پرۆسەی ئەنفال نەکردووە و تەنها لە چەند شوێنێك قسەی لەسەر قۆناغی هەشتی ئەنفال کردووە، کە ناوچەی بادینانی گرتەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە، هەر یەك لە (ی ن ك) و (پ د ك) لە رۆژانی پێش کیمیابارانی هەڵەبجە رۆڵیان هەبووە و







بەپێی یاداشتی هەندێك سەرکردەی ئەو حیزبە و بەڵگەکان، یەکێتی و پارتی لە گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن ئێرانەوە، رۆڵی بەرچاویان هەبووە.

## بایکۆتی مەڕاسیمی ساڵیادی کیمیارانی هەڵەبجە دەکرێت

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و کەسوکاری شەهیدان، لە پرێس کۆنفرانسێکدا، بایکۆتکردنی مەڕاسیمی فەرمی حکومەتی هەرێم بۆ یادی (34) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە راگەیاند.

لەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانیەدا، کە رۆژی (2022/3/7) لە بارەگای کۆمەڵەکە سازییاندا، کەسوکاری شەهیدان و نوێنەرانی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، رایانگەیاند: کە بۆ ئەمساڵ، بایکۆتی یادی (34) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەن، کە ساڵانە حکومەت و حیزبەکان بە شێوەی فەرمی یادی هەڵدەستن.

وەك نوێنەرانی کۆمەڵەکە و کەسوکاری شەهیدان، ئاماژەیان پێیدا: ئەم هەڵوێستەیان وەك کاردانەوەیەکە لە بەرانبەر ئاورنەدانەوەی حکومەتی هەرێم لە داواکاری کەسوکاری قوربانیان و بریندارانی چەکی کیمیاوی و چارەسەر نەکردنی پرسەکانی شارەکەیان.

هاوکات ئەوەشیان خستەڕوو، کە ئەوان وەك نوێنەرانی کۆمەڵەکە و کەسوکاری شەهیدان، بە جیا و لە شوێنێکی دیکە، یادی (34) ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەنەوە.



## ژنە پێشمەرگەیەکی رزگاربووی گوردانی شوان:

## لە هێرشی ئێران بۆ سەر هەڵەبجە ئاگادار نەکراینەوە

ئا/ عەلی مەحمود

نەسرین رەمەزان عەلی، پێشمەرگەی رزگاربوو لە تاوانی گوردانی شوان، لە لێدوانێکیدا بۆ (نوگرەسەلمان)، وتی:"لە کاتی هێرشی ئێران بۆ سەر شاری هەڵەبجە، حیزبە کوردییەکانی باشور، ئێمەیان وەك پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ئاگادار نەکردەوە".

وتیشی:"پێویستە ئەو هێزانەی بەشداربوون لەگەڵ ئێران لە گرتنی هەڵەبجە، داوای لێبوردن لە خەڵك بکەن، چونکە لە کاتی کیمیابارانەکە لە جیاتی ئەوەی داکۆکی لە خەڵك بکەن، کەچی خەڵکیان تووشی ئەو کارەساتە کرد".

هاوکات ناوبراو، کە یەکێك بووە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە ناوچەی هەڵەبجە، ئاشکرایکرد:"لە کارەساتی داگیرکردنی هەڵەبجە، حیزبەکانی باشور، ئێمەیان ئاگادار نەکردبووەوە، بۆیە (68) کەس لە هاوڕێیانی ئێمە لە گوردانی شوان کەوتنە بۆسەی پاسداری ئێرانی و گیانیان بەختکرد.

هەروەها وتی:"لەو پەلامارەدا بۆ سەر ئێمە، تەنها من وەك (نەسرین رەمەزان عەلی) و کاك جەلال بەرخوردار، لە تاوانەکە رزگارمان بوو".



## روفاتی (171) ئەنفالکراو دەگەڕێنرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان

وابڕیارە بۆ (4/14) کە دەکاتە یادی (34) ساڵەی تاوانی ئەنفال، روفاتی (171) ئەنفالکراو بگەڕێنرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و لە گۆڕستانی مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ بە خاك بسپێردرێن. بۆ ئەو مەبەستە رۆژی (7)ـی ئەم مانگە، شاندێکی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، سەردانی شاری بەغدایان کرد، بە مەبەستی ئامادەسازی بۆ هێنانەوەی روفاتەکان، کە لە (171) روفات پێکهاتوون و لە پزیشکی دادوەری بەغدان. لە مانگی تەمووزی (2019) لە ئەنجامی بای بەهێز و گەردەلول، جل وبەرگی ژمارەیەك ئەنفالکراو لە گرودۆڵەی تەلشێخیە لە ناوچەی بادیەی شاری سەماوە دەرکەوتن و بە دواییدا لە کۆی (3) گۆڕی بە کۆمەڵ، گۆڕێکیان هەڵدرایەوە و روفاتی (171) ئەنفالکراوی منداڵ و ژن دەرهێنران و رەوانەی پزیشکی دادی بەغدا کران. روفاتەکان لە (97) ژن و (74) منداڵی ئەنفالکراو پێکهاتوون و لە ماوەی (3) ساڵی رابردوودا، بە پاساوی رێکارەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، روفاتەکان نەهێنراوەتەوە. جێی وتنە، لە (9)ـی شوباتی رابردوو، (64) رێکخراو و نووسەر و چالاکوانی بواری ئەنفال، لە بەیاننامەیەکدا بە ناوی (روفاتی ئازیزانمان بهێننەوە)، داوای گەڕانەوەی روفاتەکانیان کرد.

## وەرزێکی نوێی نوگرەسەلمان

* هێمن حەسیب

بەر لە (14) ساڵ، بڵاوکراوەی (نوگرەسەلمان)، وەك بڵاوکراوەیەکی بواری جینۆساید لەلایەن (لقی کەرکوکی ناوەندی هەڵەبچە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك، کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ رێکخراوی چاودێری کوردۆساید - چاك) هاتە بڵاوکردنەوە.. بە ئامانجی دامەزراندنی رۆژنامەیەکی تایبەت بە بواری جینۆساید.

ژمارە (1)ـی نوگرەسەلمان لە (2008/4/14) لە یادی (20) ساڵەی تاوانی ئەنفال بڵاوکرایەوە، لەلایەن ستافێك، کە پێکهاتبوون لە (عەلی مەحمود وەك خاوەن ئیمتیاز و ئیدریس حاجی سەعید وەك سەرنووسەر) و دەستەیەکی نوسەران پێکهاتبوون لە (حمە سەعید زەنگەنە و شەهیدی قەڵەم سۆران مامە حمە و هێمن حەسیب).

هەڵبژاردنی ناوی (نوگرەسەلمان) بۆ بڵاوکراوەکە، بە دوو ئامانج بوو، یەکەمیان؛ لەگەڵ قسەکردن لەسەر تاوانەکانی جینۆسایدی کورد، ئەم ناوە ئامادەیی هەیە و دیرۆکێکە لە تاوان.

دووەمیان؛ دەستگرتن بەم ناوە بە هاوشێوەی ناوی (ئەنفال)، وەك ناسنامەیەك بۆ نەتەوەیەکی قوربانی تاوانەکانی جینۆساید، گرنگە و رەهەندی نیشتمانی و مێژوویی هەیە، وەك چۆن جولەکەکان تا دونیا دونیایە، دەست بە ناوی (هۆلۆکۆست)ـەوە دەگرن و کردوویانە بە ناسنامەیەکی نیشتمانی بۆ خۆیان و نەوەکانی ئایندەیان.

لێی مەخابن لە پاش چوار ساڵ ونیو، لە (2012/8/1)، ژمارە (9) وەك دوایین ژمارەی نوگرەسەلمان بڵاوکراوەیەوە... ئیدی بە دواییدا بەهۆی قەیرانە ناوخۆییەکان و دواتر ئیفلیجبوونی رێکخراوی چاك.. رۆژنامەکەش راوەستا.

ئێستاش لە پاش (10) دانە ساڵ، جارێکی تر و بە هەمان ئەو دوو ئامانجەی لە پێناویدا هاتە ئاراوە، جارێکی تر (نوگرەسەلمان) دەست بە بڵاوکردنەوە دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش یادی (34) ساڵەی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، دەکاتە وێستگەیەکی نوێی کارکردنی و ژمارە (10)ـی لێی بڵاودەکرێتەوە.


وەرزی نوێی (نوگرەسەلمان) بە تەنها دووبارە بڵاوکردنەوەی نییە وەك ژمارەکانی پێشووی لە یادەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال، بەڵکو لە هاوشانی ئەم بڵاوکراوەیەدا، دەست دەکرێتەوە بە دەرکردنی گۆڤاری (تۆپزاوە) کە (10) ساڵە راگیراوە.. کە دواتر هەردوو (نوگرەسەلمان و تۆپزاوە) لە پرۆژەیەکی گەورەتردا جێی پەنجەی خۆیان دەکەنەوە.. کە ئەمەیان لە کاتی خۆیدا رایدەگەیەنین.

نابێت بیرمان بچێت، (3) مانگ پاش دەرچوونی یەکەم ژمارەی (نوگرەسەلمان)، رۆژنامەنووس سۆران مامە حەمە، کە یەکێك بوو لە دەستەی نووسەران و دامەزرێنەرانی بڵاوکراوەکە شەهید دەکرێت.. هەر بۆیە تا ئەم بڵاوکراوەیە بەردەوام بێت، ناوی شەهیدی قەڵەم (سۆران مامە حەمە) لەسەر (نوگرەسەلمان) دەبێت وەك ئەندامێکی فەخری دەستەی نوسەران.

### لەم ژمارەیەدا:


دەربارەی دادگاییکردنی کۆمپانیاکانی چەکی کیمیاویی......... ل3
گوندی عەلیان ... دەروازەیەك بۆ تراژیدیای کوشتنی بە کۆمەڵ...ل5
دۆسیەی بانکەکەی هەڵەبجە و نهێنییە ونبۆکان!............ ل7


## بەشێك لە بەڵگەکانی دۆسیەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکان




نوع التهمة والمادة القانونية :

١- المتهم علي حسن المجيد
جريمة الحرب المادة : (١٣) اولا(أ) و ثانيا (أ،ب،د،ه،و،ى)
جريمة الأبادة الجماعية المادة : (١١) اولا : (أ، ب،ج)
جريمة ضد الأنسانية : (١٢) اولا : (أ،د،ح،ظ)
وبدلالة المادة (١٥) اولا وثانيا (ب)

٢- المتهم سلطان هاشم احمد الطائي
جريمة الحرب المادة :(١٣) اولا (أ) و ثانيا (أ،ب،د،ه،و،أ)
جريمة الأبادة الجماعية المادة :(١١)اولا (أ،ب،ج)
جريمة ضد الأنسانية : (١٢) اولا (أ،د،ح،ظ)
وبدلألة المادة (١٥) اولا و ثانيا (ب)

٣- صابر عبدالعزيز حسين الدوري
جريمة الحرب المادة : (١٣) اولا (أ) وثانيا (أ،ب،د،ه،و،أ)
جريمة الأبادة الجماعية : المادة (١١) أولا (أ،ب،ج)
جريمة ضد الأنسانية : (١٢) أولا (أ،د،ح،ظ)
وبدلالة المادة (١٥)اولا و ثانيا (ب)


٤- فرحان مطلك صالح الجبوري
جريمة الحرب المادة : (١٣) اولا (أ) وثانيا (أ،ب،د،ه،و،أ)
جريمة الأبادة الجماعية : المادة (١١) اولا (أ،ب،ج)



٥ ـ طارق رمضان بكر
جريمة ضد الإنسانية : (١٢) أولاً (أ،د،ح،ظ)
وبدلالة المادة : (١٥) أولاً وثانياً (ب)
جريمة الحرب المادة : (١٣) أولاً (أ) وثانيا (أ،ب،د،هـ، و)
جريمة الإبادة الجماعية : المادة (١١) أولاً (أ،ب،ج)
جريمة ضد الإنسانية : (١٢)أولاً (أ،د،ح،ظ)
وبدلالة المادة : (١٥) أولاً وثانياً (ب)

| | | | |
|---|---|---|---|
| وقت الحادث : ١٩٨٨/٣/١٦ | قضاء ( حلبجه ) | محافظة ( السليمانية ) | |
| أسماء المشتكين : | تبدأ | كويستان أكرم فرج | ( ٢٠٠٧/٢/٢١ ) |
| | وتنتهي | حكمت فايق عارف | ( ٢٠٠٤/١١/٣ ) |
| الشهود : | تبدأ | جيرهارد فرايلنجر | ( ٢٠٠٧/٧/٢٦ ) |
| | وتنتهي | جمال محمد صالح | ( ٢٠٠٤/١١/٢٠ ) |
| المخبرين : (٥) | | | |
| المبرزات الجرمية : شظايا القنابل | | | |

الأدلة المتحصلة :
- الإفادات ـ المشتكين والشهود والمخبرين
- الأقراص المدمجة آل(CD)
- أشرطة فديو
- الصور الفوتوغرافية
- الوثائق والمستمسكات



المحكمة الجنائية العراقية العليا
قضاة التحقيق

الرقم /
التأريخ /

قرار الأحالة

رقم قرار الأحالة : ١
تأريخ الأحالة : ٢٠٠٧/٧/٢٦
رقم الدعوى : ١

| المتهم | تأريخ الولادة | الجنس | المهنة | الجنسية | العنوان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١-علي حسن المجيد | ١٩٤٤ | ذكر | عضومجلس قيادة الثورة سابقا | عراقي | بغداد مجمع دجلة رقم الدار ١٥ |
| ٢- سلطان هاشم احمد الطائي | ١٩٤٥ | ذكر | وزير الدفاع سابقا | = | نينوى ـ حي العربي للضباط |
| ٣- صابر عبدالعزيز حسين | ١٩٤٩ | ذكر | محافظ بغداد سابقا | = | صلاح الدين - الدور |
| ٤- فرحان مطلك صالح الجبوري | ١٩٤٧ | ذكر | لواء متقاعد | = | موصل- القيارة |
| ٥- طارق رمضان بكر العزاوي | ١٩٥٨ | ذكر | مقدم طيار متقاعد | = | كركوك ـ طريق بغداد |

## (چارەنووس) یەکەمین رۆژنامەی تایبەت بە جینۆساید




رۆژنامەی (چارەنووس)، یەکەمین رۆژنامەیە لەسەر پرسی جینۆساید و ئەنفال لە کوردستان دەرچووبێت.

یەکەمین ژمارەی (چارەنووس) لە (10 نیسانی 1994) بڵاوکراوەتەوە.

# ( نوگرەسەلمان ) بۆچوونی لێکوڵەران و چالاکوانان

## لەسەر پرسی دادگایی نەکردنی تۆمەتبارانی کەیسەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان دەخاتەڕوو

**ئا/ نوگرەسەلمان**

**لە پاش هەر تاوانێکی گەلکوژی و جینۆساید، هێنانە ئارای قۆناغی دادگەریی ڕاگوزەریی (العدالة الانتقالية) زەرورەتێکی حەتمیە، بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان و قەربوکردنەوەی قوربانیان، لە نێویشیاندا دادگایکردنی تاوانباران.**

**لەم راپۆرتەدا (نوگرەسەلمان)، بۆچوونی چەند لێکوڵەر و چالاکوانێك لەسەر پرسی دادگایی نەکردنی تاوانباران و زیانەکانی ئەو دادگایی نەکردنە بە دۆسیەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان وەردەگریت.**

**هیشام ئاکریی، نووسەرو چالاکوانی بواری جینۆساید و مافی مرۆڤ، دەربارەی دەرکردنی بڕیاری لێبوردن بۆ تاوانبارانی جینۆساید، وەك لە بڕیارەکەی (بەرەی کوردستانی)ـدا لێبوردن بۆ موستەشار و سەرۆك جاشەکان دەکرا، دەڵێت:** بەپێی چەندین یاسا و پەیماننامەی نێونەتەوەیی و نەتەوە یەککرتووەکان نابێ هیچ کەس و لایەنێك و حکومەتێك، لێبوردنی گشتی بۆ تاوانبارانی جینۆساید دەربکات، بە شێوەیەك:

یەکەم: نابێت هیچ لایەنێك بڕیار بدات، لێبوردن دەربکات یاخود ڕێگری لە دادگایکردنی تاوانبارانی جینوساید بکات.

دووەم: نابێت هیچ بڕیارێك بدرێت لە دژی مافەکانی لێقەوماوان بۆ بەدەستهێنانی قەرەبووکردنەوە.

سێیەم: نابێت هیچ بڕیارێك بدرێت، کە ببێتە هۆکاری شاردنەوەی ڕاستییەکان و تاوانباران و ئەو کەسانەی مافەکانی مرۆڤیان بێشێل کردووە.

بۆیە بڕیاری بەرەی کوردستانی ئەم سێ سەرپێچیە نێودەڵەتیەی تێدایە، هەڵبەتە دەبێ لێرەدا جیاوازی دابنرێت لە نێوان دەرکردنی لێبوردن بۆ ئەو کەسانەی هێشتا سزا نەدراون و ئەوانەی سزادراون لەلایەن دادگایەکی باوەرپێکراوەوە.

هەروەها دەبێت جیاوازی دابنرێت لە نێوان ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی تردا.. بۆ نموونە لایەن و حکومەتەکان دەتوانن لێبوردن بۆ کەسی سزادراو و ئەوانەی تاوانەکانی تریان ئەنجامداوە دەربکەن، بە مەبەستی بەقەرارکردنی ئاشتی، بەڵام هێچ لایەنێك ناتوانی لێبوردنی گشتی بۆ کەسێك دەربکات، کە دادگایی نەکراوبێت، بە تایبەت کە تۆمەتبار بێت بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید.

**هاوڕێ پێشڕەو، چالاکوانی ناسراوی بواری کەیسی ئەنفال و بنەماڵەی قوربانی و پێشمەرگەی دێرین، سەبارەت بە زیانەکانی دادگایی نەکردنی تاوانباران لە کەیسەکانی جینۆساید، وتی:** دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، کەیسەکانی (فەیلیەکان، بارزانیەکان، کیمیاباران، ئەنفال)ـی وەك تاوانی جینۆساید ناساند و سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و هەردوو پەرلەمانی عێراق و کوردستان، دوا بە دوای بڕیارەکانی دادگا بۆ هەر کەیسێك تاوانەکانیان بەجینۆساید ناساند.. لە ئاستی دەرەوەشدا پەرلەمانی وڵاتی سوید تاوانی ئەنفالیان بە جینۆساید ناساند، هۆڵەنداش بە تاوانی جەنگ لە کەیسی فرانس ڤان ئانرات.. کە ئەمە زەمینەسازیەکی باش بوو بۆ حکومەتی هەرێم کاری جدی بکات لەسەر دەرئەنجامی بڕیارەکانی دادگا، چونکە دادگا ڕاستەوخۆ حکومەتی عێراقی پابەندکردووە بەجێبەجێکردنی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەسەر کەیسەکان دروست کردووە، کە لە هەندێك ناوەندی نێودەوڵەتیدا ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی خودی بەرپرسانی حکومەت دەکرێتەوە (ئێوە خۆتان چیتانکردووە لەسەر کەیسی تۆمەتباران)؟ یاخود لەسەر تۆمەتباران نزار خەزرەجی و تاریق ڕەمەزان بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەیە، کە سەرانی کورد پشتگیریان لەو تۆمەتبارانە کردووە، داوە.. لەوەش خراپتر بەشێك لەو تاوانبارانە خەڵاتکراون و ئیمتیازاتی جۆراوجۆریان پێدراوە، کە ئەمە پێچەوانەی هەموو پرەنسیپێکی کارکردنی ئەو بوارەیە.

**یوسف مەنتك، یەکێکی دیکەیە لەو لێکۆلەرانەی لە بواری پرسی جینۆساید خزمەتێکی بەرچاوی کردووە، ئەو لە بارەی زیانەکانی دادگایی نەکردنی تاوانباران لە کەیسەکانی جینۆساید،** هەر بۆیە وەك وتم، دادگایی نەکردنی تاوانباران، نەك بەس لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵکو لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بووەتە جێی پرسیار و ڕامان و زیانی زۆری بە کەیسەکانی جینۆسایدی کورد گەیاندووە.


**شاخەوان شۆڕش، مامۆستای زانکۆ و لێکۆلەر لە بواری پرسی جینۆساید، دەربارەی دادگایی نەکردنی تاوانباران و زیانەکانی بە کەیسەکانی جینۆساید،** تاوانبار یا ئەوانەی مەیلی تاوانیان هەیە و ئەو تایبەتمەندییەی کەسی تاوانباریان هەیە، ئامادەی ئەنجامدانی تاوان بن لە هەر هەلومەرجێکی ڕێکخراودا بێ ئەوەی بیر لەئەنجامەکانی بکەنەوە.

بەپێی یاسا ناسیونال و نێونەتەوەیەکان، کەسی تاوانبار دەبێت سزای دادوەرانە بەسەریدا بسەپێندرێت، خۆ ئەگەر تاوانبار لە تاوانی گەلکوژیدا بەشداری



### یوسف مەنتك:

**دادگایی نەکردنی تاوانبارانی کەیسەکانی جینۆساید، نەك بەس لە کوردستان و عێراق، بەڵکو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بووەتە جێی پرسیار و ڕامان؟**



### فاتیح سەنگاوی:

**لە کەیسەکانی جینۆسایددا، بابەتی دادگەریی ڕاگوزەریی (العدالة الانتقالية) هەیە، بە داخەوە ئەمە لە هەرێمی کوردستاندا پیادە نەکرا**



### هیشام ئاکریی:

**بەپێی یاسا وپەیماننامە نێونەتەوەیی ونەتەوە یەککرتووەکان، نابێ هیچ کەس و لایەن وحکومەتێك، لێبوردنی گشتی بۆ تاوانبارانی جبنۆساید دەربکات**



### شاخەوان شۆڕش:

**دادگایی نەکردنی تاوانباران واتا زیانگەیاندن بە پرۆسەی گەیشتن بە دادوەری و ئەگەرەکانی ڕێگەگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی تاوان**



### هاوڕێی پێشڕەو:

**لە هەندێك ناوەندی نێودەوڵەتیدا پرسیاری ئەوە ڕوبەڕوی بەرپرسانی حکومەت دەکرێتەوە، بەوەی چیتانکردووە لەسەر کەیسی تۆمەتباران؟**

بڕیارەکانی دادگا.. بەپێی سیستەمی فیدراڵی، حکومەتی هەرێمیش دەبێ پابەندبێت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لەنێویاندا دەستگیرکردنی جاش و موستەشارە داواکراوەکان، کە لە سایە و سێبەری حکومەت و حیزبەکانی بەشداربوو لە حکومەت لە کوردستاندا داڵدەدراون.. دەستگیرنەکردن و ڕادەست نەکردنی ئەو سەرۆك جاش و موستەشارانەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکردبوون، لە ژێر هەر بیانویەك بێت، پێچەوانە و پێشێلکارییەکی گەورەی سەروەری یاسایە لە هەرێمی کوردستان.. ئەو تۆمەتبارانە نەك هەر دەستگیرنەکراون، بەڵکو بەشێکی زۆریان لە حیزب و حکومەتدا پلە و پۆستیان هەیە و مناڵەکانیان پێش کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوەکان لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا دامەزراون و کاریگەریان لەسەر جێبەجێ نەکردنی بڕیارەکە هەیە.. بۆیە حکومەتی هەرێم بەرپرسیار و هۆکاری یەکەمە لە جێبەجێ نەکردنی بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆك جاش و موستەشارە داواکراوەکان، ئەم هەڵوێستەی حکومەت کاریگەری ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت خودی حکومەت خۆی پابەند نییە بە یاساوە و ڕێزی بۆ یاسا نەهێشتۆتەوە.

**فاتیح سەنگاوی، کە یەکێکە لە لێکۆلەرە دیارەکانی بواری جینۆساید، قسە لەسەر زیانەکانی دادگایی نەکردنی تاوانباران لەسەر کەیسەکانی جینۆساید دەکات و دەڵێت:**

شتێك هەیە لەم کەیسانە پێی دەوترێت دادگەریی ڕاگوزەریی (العدالة الانتقالية)، ئەمە لە کوردستاندا پیادە نەکرا، کە نەکرا ئێمە نەگەیشتینە قۆناغی دادگاییکردنی تاوانباران، کە یەکێکە لە قۆناغەکانی ئەو پرۆسەیە.

نەك هەر ئەوە، دەتوانم بڵێم هیچ قۆناغێکی دادگەریی ڕاگوزەریی (العدالة الانتقالية) پیادە نەکرا، نە دەستنیشانکردنی زیانەکان و نە قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی و نە دادگایکردنی تاوانباران و نە لێخۆشبوونی کەسوکاری قوربانیان لە بەشێك لە تاوانباران و نە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دادگەر و مرۆڤ دۆست، کە ستەمکارییەکانی ڕابردوو بسڕێتەوە.

بۆیە دادگایی نەکردنی تاوانباران، زیانی زۆری داوە لە ڕووی دەروونییەوە و ئازاری دڵی کەسوکاری قوربانیانی

**وتی:**
بەڵێ دادگایی نەکردنی تاوانباران تا سەر ئێسقان زیانی بە کەیسەکە گەیاندووە، نەك بەس لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵکو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بووەتە جێی پرسیار و ڕامان.
بە درێژایی مێژووی شۆڕشی کورد چ لە شاخ و چ لە شار، هەر دوو حیزبی دەسەڵات، هێندەی خەبات بۆ بەرژەوەندی حیزب و چەند بنەماڵەیەك دەکەن، هێندە خەمی پرسە نیشتمانیەکانیان نییە.. با نموونەیەکی جیهانی لەسەر پرسی دادگایکردنی تاوانبارانی جینۆساید بهێنمەوە.
موسادی ئیسرائیلی لە ڕێککەوتی (1960/5/11)، سەرکردەی دیاری نازییەکان، ئەدۆلف ئایشمانیان لە شاری بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرجەنتین دەستگیرکرد، لە ڕێککەوتی (1960/5/22) بە فڕۆکەیەکی تایبەت ڕفاندیان و هێنایانەوە بۆ ئیسرائیل و دادگاییان کرد و هەزاران بەڵگەنامە و دەیان شاهێدیان ڕووبەڕوو کردەوە.
لە ڕێککەوتی (1962/6/1) لەسێدارەیاندا..بەڵام لای ئێمە تاوانباران نەك هەڵنەهاتوون، بەڵکو لە قوربانیان زیاتر ئازادانە دەجوڵێنەوە.

**دەڵێت:**
حکومەتی هەرێم حکومەتی بانێکە و دوو هەوا، لە هەر دوو باندا لە ئاوازێك دەخوێنێت، کە دادگاییکردنی تاوانبارانی تێیدا بزرە.. ئەو دەسەڵاتەی هەیە، سنورەکانی نێوان باش و خراپی لای خۆی هەڵوەشاندۆتەوە و چەمکی تاوانبار هەمان ئەو واتایەی نییە کە خەڵك و مرۆڤدۆستان تێی دەگەن.
بۆ نمونە سەرۆك جاش عەباس بایز یا قاسم ئاغا، کە لای خەڵك تاوانباری تاوانی گەلکوژین، بەڵام لای حکومەتی هەرێم ئەوانە کەسایەتی گرنگی کۆمەڵگەن و دەبێت هاوکاری دارایی و کۆمەڵایەتی و ئابوریان بکرێت.. نمونەیەکیتر سەرۆك جاش تەحسین شاوێس وەك شەهیدی سەرکردە ناونوس دەکرێت و مووچەی باڵای بۆ دیار دەکەن.
بێگومان دادگایی نەکردنی تاوانباران جگە لەوەی گوێ نەدانە بە ماف و هەستی کەسوکاری قوربانیان، لە هەمان کاتدا زیانگەیاندنە بە پرۆسەی گەیشتن بە دادوەری و ئەگەرەکانی ڕێگەگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی تاوان.
سزادانی تاوانبار یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی ئەگەرەکانی دوورکەوتنەوەی تاوانبار و هەوادارانیان لە ئەنجامدانی تاوان، بەڵام بە پێچەوانەوە پەنادان و پاراستنی تاوانبار وادەکات کەسی

بە جۆریك لە جۆرەکان هەبووبێت، بێگومان سزادانی تاوانبار لە داداگایەکی سەربەخۆدا گرنگی زیاتری هەیە، چونکە بابەتەکە پەیوەندی بە هەموو کۆمەڵگەوە هەیە و بابەتێکی چارەنوسسازە.
دادگایی نەکردنی تاوانباران دەیسەلمێنێت کەوا سیستەمی دادوەری لە باشوری کوردستان و عێراقدا شەل و ناسەربەخۆیە، دەیسەلمێنێت کەوا سەرانی دەسەڵات، کەیسەکانی تاوانی گەلکوژیان لا گرنگ نییە، دەیسەلمێنێت کەوا دەسەڵاتداران بێباکن لە گەیشتن بە دادوەری و ئەگەری دووبارەبوونەوەی تاوان.
دادگایینەکردنی تاوانباران لە ئاستی ناوخۆدا، کەیسەکانی جینۆساید پشتگوێ دەخات، بەمەش دادوەری هەرگیز بەدی نایەت.
هەروەها لە ئاستی جیهانیشدا لاوازی و ناسەربەخۆیی سیستەمی دادوەری بۆ جیهانی دەرەوە دەخاتەڕوو، بە جۆرێك گومان لەسەر پرۆسە دادگاییەکان پەیدا دەکات.. هەروەها وێنەی گەلی کورد وەکو گەلێکی ناپێگەیشتوو و هەژار لە ئاست پرەنسیپ و یاسا نێونەتەوەیەکاندا وێنا دەکات.

# دەربارەی پرۆسەی دادگاییکردنی کۆمپانیاکانی چەکی کیمیاویی لە ئەڵمانیا



* ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لای زۆرمان ئاشکرایە کە بەشێکی زۆری ئەو چەکە کیمیاییانەی کە لە کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا لەلایەن رژێمی سەدام حوسێنەوە بەکارهێنراوە، بەرهەمی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیایە، منیش وەکو هەموو کوردێك کە لە ئەڵمانیا دەژیام، ئەمە ببووە مایەی نارەحەتیم و دەمویست کارێك بکەم، لە دژی ئەم کۆمپانیاییانە.
تازە گەیشتبوومە ئەڵمانیا، وامدەزانی کە دادگاکانی ئەم وڵاتە لە پرسێکی وا ئاڵۆزدا، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە دادگاییەکی عادیلانەی ئەو کۆمپانیایانە بکەن، ئەمەش چ لە رووی مادیی و چ لە رووی مۆراڵیی و سیاسیشەوە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگ بوو، بەڵام دوایی بە ئەزموون بۆم دەرکەوت، ئەم هەوڵەی من خەونێکی ئەستەمە.
بەهەرحاڵ من لەم وتارەدا، هەوڵ دەدەم کورتەیەك باسی ئەو هەوڵانە بکەم، کە ئەوکاتە لەگەڵ هاوڕێیانی رێکخراوی چاك، لە ئەڵمانیا و ئەوروپا ئەنجاماندا، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کۆمپانیایانە دادگایی بکەین، لەوانەیە ئەم ئەزموونەی من لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا، سوودی هەبێت بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت کارێکی لەم جۆرە لە داهاتوودا بکەن، لە رووی مێژوویشەوە، لاپەڕەیەك لە مێژووی رێکخراوی چاك باس دەکەم، کە خۆم بەشداربووم تێیدا.

## سەرەتای هەوڵەکان

لە کۆتایی سالأنی نەوەتەکان، ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ کۆمەڵێك دۆست و هاوڕێم لە شاری ئاخنی ئەڵمانیا باس کرد، دەمانویست دەست بکەین بە پرۆسەکە، بەڵام دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەئالان، سەرۆکی پارتی کرێکاران هاتە ئاراوە، ئیتر زۆربەی چالاکییەکانمان وازلێهێنا، ئەو کاتە بەشێکی زۆری کوردانی ئەوروپا، دژی ئەم دەستگیرکردنە بوون و کەوتبوونە جووڵە و خۆپیشاندان و چالاکی سیاسی.
ئەم مەسەلەیە هەروا مایەوە، تا پاش ماوەیەکی تر، کاتێك لە هۆڵەندا دەستکرا بە دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانرانت، دووبارە ئەم پرۆسەیە لەناو مێشکمدا سەریهەڵدایەوە.
ساڵی (2006) حکومەتی هۆڵەندا بە تۆمەتی فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە رژێمی سەدام، بازرگانێکی هۆڵەندی بەناوی "فرانس ڤان ئانرانت" دەستگیرکرد، ئەمەش لە میدیای کوردیی و جیهانیشدا دەنگدانەوەیەکی زۆری دروستکرد، لەو کاتەدا رێکخراوی چاك، ببووە داینەمۆی کارو چالاکییەکان لە دژی ئەم بازرگانە و کۆمەڵێك کاری باشیان کرد، منیش لێرەوە دووبارە بیرۆکەی دادگاییکردنی کۆمپانیاکان لەناو مێشکمدا زیندووبوویەوە. لەبارەی ئەم پرۆژەیەوە قسەم لەگەڵ کاك عەلی مەحمود کرد، کە ئەوکاتە سەرۆکی رێکخراوی چاك بوو، ئەویش زۆری پێ باشبوو، من ئەو کاتە ئەندامی چاك نەبووم، لەسەر داوای ئەوان، بووم بە ئەندامی رێکخراوەکە و دواتریش بەرپرسیارێتی کۆمیتەی ئەڵمانیام وەرگرت، جگە لە بەرپرسی دۆسیەی دادگاییکردنی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا.
ئەو کاتە لە کۆمیتەی ئەڵمانیا لەگەڵ کۆمەڵێك برادەری ئازیز و خۆشەویست، کارمان بۆ سەرخستنی رێکخراوی چاك و دۆسیەی دادگاییکردنی کۆمپانیاکان کرد، لەو کاتەدا کاك ئارێز داراپوور لە هانۆڤەر، کاك عەلی قادر و رووناك خانی هاوسەری لە کۆڵن، ئەندامی چالاکی رێکخراوی چاك بوون، پێکەوە کۆمەڵێك چالاکی باشمان کرد.
من پێشتر ژنە پارێزەرێکی ئەڵمانیم دەناسی، کە لە بواری پەنابەراندا کاری دەکرد، ژنێکی زۆر زیرەك و چالاك بوو، دۆستی گەلی کوردیش بوو، کاتێك باسی ئەوەم بۆ کرد، کە دەمانەوێت کارێکی وا بکەین، ئەو سەرەتا پێی وتم ئەمە کارێکی زۆر مرۆڤانەیە و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە کاری تێدا دەکەم، بەڵام پێشی وتم: ئەمە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو کۆمپانیایانەی کە چەك و کەلوپەلی کیمیاوییان بە رژێمی سەدام فرۆشتووە، رۆڵی گەورەیان لە ژیانی سیاسی و ئابووری ئەڵمانیادا هەیە و لۆبی گەورەیان لەناو دەسەڵاتدا هەیە، بەهەر حاڵ ئێمە هەر سووربوین لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکەمان، هەر زوو دەستمانکرد بە کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆکۆمێنت، لە هەمانکاتیشدا پارەی پێویستمان بۆ پارێزەرەکەش پەیدا کرد.
لێرەدا پێمخۆشە ئەوەش بڵێم، جگە لە پارێزەرکەمان، بە رێکەوتێکی سەیر، کوڕێکی ئەڵمانیم ناسی، کە کاتی خۆی باوکی لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی کیمیاویی کاری کردبوو، ئەو کوڕە باوکی زانیاریی زۆری پێدابوو لەبارەی چەکی کیمیاویی و سەودا و مامەڵەی ئەو کۆمپانیایانەی ئەڵمانیا لەگەڵ رژێمی سەدام. هەروەها وەسیەتیشی بۆ کردبوو، کە دژی ئەم کۆمپانیایانە کار بکات و دۆستی کورد بێت، ئەم کوڕە تاکە ئەڵمانی بوو، کە من بینیبێتم، هەستی بەتاوانی وڵاتەکەی دەکرد بەرامبەر بە گەلی کورد و ویژدانی ئازاری دەدا و هاوکاریی زۆریشی کردین.

### کۆمەڵێك بەڵگەی گرنگ

ئەو پارێزەرە ئەڵمانییە زۆر سوودمان لێ بینی، سەرەتا ئێمە واماندەزانی کارەکە ئاسانە، هیچ زانیارییەکمان لەبارەی ئەم پرۆسانەوە نەبوو، ئەو زۆر بە ووردی بۆی شیکردینەوە، کە دەبێت چی بکەین، گرنگترین کاریشمان کۆکردنەوەی بەڵگەی یاسایی بوو، لەو کاتەدا من خۆم کۆمەڵێك راپۆرت و وتاری رۆژنامە و گۆڤارە ئەڵمانییەکانم دەستکەوت، کە لەبارەی رۆڵی کۆمپانیا ئەڵمانییەکان لە هاوکارییکردنی رژێمی سەدام حوسێن نووسرا بوون، بەڵام ئەمانە زۆر گرنگ نەبوون. باشترین بەڵگە کە ئێمە دەستمان کەوت، راپۆرتێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، راپۆرتێکی زۆر وورد و گشتگیر بوو، تێیدا ناوی کۆمپانیاکان، وڵاتەکانیان، جۆری کیمیاویی، بڕەکەی، پارەکەشی هەموو نووسرابوو، ئەم بەڵگەیە زۆر گرنگ بوو لە دوو لاوە، یەکەمیان: سەرچاوەی راپۆرتەکە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لایەنێکی شەرعیی و ناسراوی جیهانە.
دووەمیان: ووردەکاریی و زانیاریی زۆر باشی تێدابوو لەبارەی چەکی کیمیاویی و ئەو کۆمپانیا و وڵاتانەی کە چەك و کەلوپەلی کیمیاویان بە رژێمی سەدام فرۆشت بوو.
ئەمە بووە باشترین و سەرەکیترین بەڵگەی دەستمان، جگە لەوەش دوو راپۆرتی ترشیمان دەستکەوت. لەهەمانکاتیشدا دۆسیەی فرانس ڤان ئانراتیش لە هۆڵەندا، سوودی هەبوو بۆمان، چونکە لەو دۆسیێیەدا، دانی بەوەدا نابوو کە ماددەی کیمیاویی لە چەند کۆمپانیایەکی ئەڵمانی کڕیووە و پاشتر بە رژێمی سەدامی فرۆشتووە، ئەمەش لە رووی یاساییەوە سەلماندنێکی باشی تاوانی ئەو کۆمپانیایانە بوو.
لە هەمووشی گرنگتر زانیمان پێش ئێمەش، رێکخراوێکی ئەڵمانی، هەوڵی دادگاییکردنی ئەو کۆمپانیایانەی داوە، بەڵام شکستی هێناوە، ئەویش رێکخراوی میدیکۆ بوو.

### رێکخراوی مێدیکۆی ئەڵمانی و دادگایکردنی کۆمپانیاکان

رێکخراوی میدیکۆ، یەکێکە لە رێکخراوە مرۆییەکانی ئەڵمانیا، ئەم رێکخراوە لە ساڵی (1968) لەلایەن کۆمەڵێك خوێندکاری چەپی ئەڵمانییەوە دروستکراوە، سەرەتا وەك هاوکاری بۆ گەلی ڤێتنامی دروستکراوە، دواتر لەتەواوی جیهاندا کاری مرۆیان کردووە.
ئەم رێکخراوە یەکەمین رێکخراوی مرۆییە کە لە کوردستانی عێراقدا کاری کردووە، لەگەڵ دەستپێکی هێرشی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەم رێکخراوە هاتۆتە کوردستان و هاوکاری خەڵکی لێقەوماوی کوردی کردووە، تاماوەیەکی زۆریش لە کوردستاندا کاریان دەکرد، هەتا لە کاتی جەنگی ناوخۆدا، لە ساڵی (1995)ـدا بەیانێکیان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکرد، کە گەمارۆی ئابووریی خستبووە سەر شارەکانی هەولێر و سلێمانی، ئەوان ئەم کارەیان بە تاوانی جەنگ ناساندبوو، لەسەر ئەوە پارتی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەریکرد بوون، دواتریش لە (31 ئابی 1996)ـدا لەگەڵ داگیرکردنی هەولێر لەلایەن رژێمی سەدام و پارتییەوە، بەتەواوەتی لە کوردستاندا نەمان.

> **دادگای ئەڵمانیا لە بری سزادانی ئەو کۆمپانیانەی چەکی کیمیاویان بە رژێمی بەعس فرۆشتووە، کەچی رێکخراوی مێدیکۆی سزادا**

ئەم رێکخراوە لە سالأنی نەوەتەکاندا، هەوڵیداوە دادگایی ئەو کۆمپانیایانە بکات، کە چەك و کەلوپەلی کیمیاویان بە رژێمی بەعس فرۆشتووە، پرۆسەکەش نزیکەی چوار ساڵی خایاندبوو، دواجاریش لەجیاتی کۆمپانیاکان دادگایی بکرێن وسزا بدرێن، کەچی دادگای ئەڵمانی، ئەمان واتا رێکخراوی مێدیکۆی سزاداوە.
ئەو کۆمپانیایانەی لە دادگا سکاڵایان لە رێکخراوی مێدیکۆ کردبوو، کە لە میدیاکاندا ناوبانگیانی زڕاندووە، هەر بۆیە دواتر ئەمانیش وازیانْ لە پرۆسەکە هێناوە، من چەندجارێك پەیوەندییم پێوەکردن، کە بەڵکو هاوکارییمان بکەن، تاوەکو ئەم پرۆسەیە بکەین، بەڵام ئەوان هیچ ئامادەییەکیان نەبوو هاوکارییمان بکەن.

### کێشەکانی بەردەم پرۆسەکە

لێرەدا پێمخۆشە باسی ئەو رێگرییە یاساییانە بکەم، کە ئێمە رووبەڕومان بووەوە لەکاتی پرۆسەکەدا.. گەورەترین رێگری لە دادگاییکردنی ئەو کۆمپانیایانە ئەوە بوو، کە ئەوان دەڵێن: راستە ئێمە ئەو ماددە کیمیاوییانەمان بە رژێمی سەدام فرۆشتووە، بەڵام ئێمە بۆ کوشتنی خەڵکی سیڤیل پێمان نەفرۆشتووە، بەڵکو بۆ کاری کشتوکاڵیی و دەرمانسازی پێمان فرۆشتووە، جگە لەوەش بەپێی یاساکانی ئەڵمانیا هیچ بڕگەیەك یان یاسایەك نییە کە سەودا و مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ رژێمی سەدام حوسێن قەدەغە بکات تاوەکو ساڵی (1991)، کە گەمارۆی ئابووری بەسەر رژێمی سەدامدا سەپێنرا بەهۆی داگیرکردنی کوێتەوە. تەنها دوو کۆمپانیا دادگایی کراون، ئەوانیش بەتۆمەتی ئەوەی کە خۆیان لە باج دزیوەتەوە، واتە سزاکەیان پەیوەندیی بە کۆمەڵکوژییەوە نەبوو، لەلایەکی تریشەوە کۆمپانیا گەورەکانی ئەڵمانیا، خۆیان بەشێوەی راستەوخۆ کەلوپەل و ماددەی کیمیاویان بە رژێمی سەدام نەفرۆشتووە، بەڵکو لەرێگەی کۆمەڵێك بازرگان و کۆمپانیای بچووکەوە بووە، هەرچەندە پێشتر چ لە بەریتانیا و ئەمریکا، لە کۆتایی سالأنی هەشتاکاندا، بەپێی یاسا رێگە نەدراوە کە ماددە و کەلوپەلی کیمیاویی بە رژێمی سەدام بفرۆشرێت، بەڵام ئەمە لە ئەڵمانیادا بەو شێوەیە نەبووە، بۆیە رژێمی سەدامیش زۆرترین ماددەی کیمیاویی لە ئەڵمانیا کڕیووە. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار: یەکەمیان هیچ رێگرییەکی یاسایی و سیاسی لە دژی نەبووە. دووەمیان: بەرهەمی ئەڵمانی لە چاو وڵاتانی تر باشتر بووە (خەڵکی زیاتر کوشتووە!.).
لەلایەکی تریشەوە ئێمە کاتێك لە رێگەی پارێزەرەکەمانەوە هەوڵماندا، چاومان بە دۆسیەی دادگاییکردنی ئەو کۆمپانیایانە بکەوێت، کە پێشتر رێکخراوی مێدیکۆ هەوڵی دادگاییکردنی دابوون.. نەمانتوانی.

### دەرئەنجام

لەکۆتاییدا پاش دوو ساڵ، ئێمە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی واز لە دۆسیێیەکە بهێنین، چونکە لە رووی سیستمی دادوەری ئەڵمانییەوە، زۆر زەحمەت بوو پرۆسەکە سەر بکرێت، چونکە ئەو کۆمپانیایانە، رۆڵێکی گەورەیان لە ژیانی ئابووریی و سیاسی ئەڵمانیادا هەیە و لۆبییەکی باشیان لەناو سیستمی سیاسی و دادەوەریشدا هەیە، دواتریش ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە حکومەتی ئەڵمانیاش خۆی نایەوێت پرۆسەکە سەربگرێت، چونکە لە حاڵەتی سەرکەوتنی پرۆسەیەکی دادوەری لەو جۆرە، دەبووە مایەی ئابڕووچونێکی گەورە بۆ ئەڵمانیا کە بەشداربووە لە تاوانەکانی رژێمی سەدام حوسێندا، جیا لەوەی لە رووی داراییشەوە ترسیان لە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی قووربانیانی چەکی کیمیاویی هەبوو.
من هەموو ئەمانەم بە برادەرانی دەستەی بەڕێوبەری رێکخراوی چاك وت، جیاوازی گەورە هەبوو لە نێوان دۆسیێی فرانس ڤان ئانرات و دۆسیەکەی ئێمەدا، چونکە ئەوەی فرانس ڤان ئەنرات، حکومەتی هۆڵەندی خۆی کابرای دەستگیرکردبوو و دادگایی کرد. بەڵام لە ئەڵمانیا حکومەت نەك خۆی کارێکی وای نەدەکرد، بگرە دژی کارێکی لەو جۆرەش بوو.
بەشێك لە برادەرانی دەستەی بەڕێوبەر پێیان باشبوو کە ئێمە هەر بەردەوام بین لە کارەکەمان، بەڵام من بەداخەوە لە پاش دوو ساڵ لە کارکردن لە رێکخراوی چاك وازمهێنا، دوای منیش نازانم برادەرانی تر چییان کرد.
هەرچەندە دوای ئێمە کۆمەڵێك هەوڵی تر درا، بەڵام تائێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو هەوڵانە سەری نەگرتووە، چونکە وەکو وتم حکومەتی ئەڵمانیا نایەوێت ئەو کارە بکرێت، چونکە زەرەری خۆی تیدایە، بەو هیوایەی رۆژێك لە رۆژان هەموو ئەو کۆمپانیایانە دادگایی بکرێن و سزا بدرێن.




> **ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کیمیاویان بە رژێمی بەعس فرۆشتووە، لۆبیەکی بەهێزیان لەناو سیستەمی سیاسی و دادەوەریی ئەڵمانیا هەیە**

---


# ئەو گەنجە کەرکوکیەی چوار پەنجەی پێیان سوتاند و هیچی نەدرکاند
# عەبدولخالق سدیق: کاغزی رۆژنامەیان کردە تۆی پەنجەکانم و ئاگرییان تێبەردا

(نوگرەسەلمان) لەم ژمارەیەدا، بە چەند پرسیارێك، ئاوڕێکی بچووك لە (عەبدوڵخالق سدیق رەشید) دەداتەوە، کە یەکێکە لە رێکخەرانی خۆپیشاندانەکەی ساڵی (1982)ـی کەرکوك، کە دوای دەستگیرکردنی.. لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە بە دڕندانەترین شێوە ئەشکەنجە دراوە و چوار پەنجەی پێیان بڕیوەتەوە.

*** خۆپیشاندان لە کەرکوك ئەستەم بوو؟ چۆن بوو لەم ژینگەی سەربازی و پڕ لە مەترسیەدا وەك کۆمەڵێك گەنج بڕیارتاندا خۆپیشاندان بکەن؟**

ـ لە (1982/5/6) لە دژی سیاسەتە شۆڤێنیەکانی حکومەتی بەعس، بڕیارماندا نارەزایی دەرببڕین بە رێگای خۆپیشاندان، بۆیە کۆمەڵێ گەنج و لاو لە کوڕ و چەند کچێك لە گۆڕستانی (شێخ محێدین)ـی شاری کەرکوك، خۆپێشاندانمان دژی دەسەڵاتی بەعس دەست پێکرد.. لە دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندان بە ماوەیەك، پیاوانی ئەمن و بەعسیەکان بە تەقەکردن و لێدان کەوتنە گیانی خۆپێشاندەران و بەشێکمانیان بە لێدان و ئەشکەنجەوە راپێچی زیندانەکانی ئەمنی کەرکوك کرد.. من یەکێك بووم لە دەستگیرکراوەکان، لە زیندان (9) هاوڕێمان شەهیدکران و تەرمەکانیان بێ سەروشوێن کرا.. منیش بەهۆی ئەشکەنجەی زیندانەوە (4) پەنجەی پێیەکمیان سوتاند و بڕیانەوە، زۆر لە هاوڕێیانمان بە فیشەك برینداربوون، تا لە رێککەوتی (1982/7/22) بەهۆی لێبوردنی گشتییەوە، ئەوانەی لە ژیاندا مابووین ئازادکراین.

*** چۆن پەنجاکانتیان سوتاند؟ ورەت چۆن بوو؟**



ـ کە لە زیندان بووم، لەلایەن ئەفسەرێکی ئەمنی کەرکوك بەناوی (نەقیب کامل)ـەوە لێکولینەوە و ئەشکەنجە ئەدرام بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر چۆنیەتی سازدانی خۆپیشاندانەکە و ئاشکراکردنی رێکخستنە نهێنیەکان بدرکێنم، بەڵام من بەهیچ شێوەیەك هیچ نهێنییەکم نەدرکاند.. بۆیە بە بەدارێکی ناو باخچەی دائیرەی ئەمنی مەنسورِ هەڵمیان واسی و هەردوو دەستمیان بەکەلەپچە لە دواوە بەستبوو، هەردوو قۆڵمیان هەڵواسی و ئیتر کەوتنە لێدانم بە دار وکێبڵ و بۆکس و لە خواریشەوە هەردوو پێمیان رائەکێشا بۆ ئەوەی قۆڵەکانم ئازەری زۆری پێبگات، بەڵام ئەشکەنجەکانیان بێسوود بوو و نەیانتوانی هیچم پێی بدرکێنن، بۆیە لەو کاتەدا مدیر ئەمن هات و بڕیاریدا پەنجەکانی پێم بە ئاگر بسووتێنن بۆ ئەوەی ئازارێکی زۆرم پێ بگات. بەڕیوەبەری ئەمن رۆژنامەیەکی هێناو خستیانە نێوان پەنجاکانی پێی چەپم و ئاگریان تێبەردا و پێیەکانم دەسووتا و رەش بۆیەوە، لەو کاتەدا چاندینجار لە هۆش خۆم دەچووم و دووبارە ئاوی ساردیان دەکرد بە دەم و چاوم بۆ ئەوەی بە ئەگابێمەوە.

لە پاش لە هۆش خۆچوونەوە، فرێمان دابووە ناو ژێرزەمینەکەی دائیرەی ئەمن و پاش چوار رۆژ لە ژێرزەمینەکە، پێی چەپم بە تەواوی بۆگەنی کرد و کرم لێیدا.. منیش گیانم ئەدا و شەوێکی درەنگ برادەران بە پاسەوانەکانیان ووتبوو واگیان دەدات.. بۆیە بۆ ئەوەی بتوانن جارێکی تر لێکۆڵینەوەم لەگەل بکەن، بەو شەوە بردمیان بۆ نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوك بۆ چارەسەرکردن.

لە نەخۆشخانە دوو نەشتەرگەرییان بۆ کردم، کە لەوێش هەر لە زینداندا بووین، لە نەشتەرگەرییەکەدا لە رانم گۆشتیان کردەوە و پێمیان پێ پینەکردبوو، ماوەی (35) رۆژ لە زیندانی نەخۆشخانە مامەوە و لە پاشان بردمیانەوە بۆ ناو زیندانی دائیرەی ئەمن، بۆیە من ئێستا چوارِ پەنجە و نیووم نییە لە پێی چەپم.

*** کە بردرای بۆ نەخۆشخانە، جگە لە تۆ دەستگیراوی تر لێ بوو؟**

ـ بەڵێ لێی بوو، لە کاتی بردنمان بۆ نەخۆشخانە، برادەرێکمان بەناوی ستار لەگەڵ من هێنایان بۆ نەخۆشخانە و لە نەخۆشخانە برادەرێکی ترمان بەناوی (بەختیار عبدالرحمان)، ئەویش بۆ چارەسەر هێنابوویان بۆ نەخۆشخانە، کە لەکاتی ئەشکەنجەدا چاوەکانی دەرهاتبوو، هەروەها لە نەخۆشخانە چەندین پێشمەرگە هێنرابوون، کە بریندارِی بە دیل دەستگیرکربوون و کەوتبوونە بەردەست هێزەکانی بەعس.

*** هیچ ئەوە بە خەیاڵدا هات، هیچ شتێك بدرکێنی تا لە ئازار رزگارت بێت؟**

ـ بەهیچ شێوەیەك هیچ نهێنییەکم بۆ نەدرکاندن.. لەگەڵ ئەو دۆخەشدا زۆر بێ منەت بووم و هەر نارەزایم دەردەبڕی بەرامبەر بەعسیەکان و تەنانەت چەندین قسەی ناشیرینم بە سەدام حوسێن ووت.

# عومەری خاوەر؛ سیمبولی زیاتر لە نەتەوەیەك

ئیبراهیم هەورامانی

کە باس دێتە سەر هەڵەبجە، ڕاستەوخۆ سەرنجمان دەچێتە سەر ئەنجامدانی تاوانی کیمیابارانکردنی ئەم شارە و کۆمەڵکوژکردنی دانیشتوانەکەی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقی لە (1988/3/16) لە ڕێی هێزی ئاسمانی و تۆپە دورهاوێژ و کۆپتەرە جەنگیەکانیەوە بە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی چەکی کیمیاویی و بۆمبی ناپاڵم و ڕۆکێتی هێشویی، کە چەندین جۆر گازی کیمیاویی لە جۆرەکانی (خەردەل، سیانید، ڤی ئێکس) تێدا بەکارهێنرا. لە دەرئەنجامی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیە زیاتر لە پێنج هەزار شەهید و (10) هەزار برینداری لێکەوتەوە، کە زۆرینەیان لە منداڵ و پیر وپەکەوتەکان بوون، سەرباری ئەم قوربانیانە تەواوی دانیشتوانی شارەکە ئاوارەی شارە جیاجیاکانی وڵاتی ئێران بوون، کە دواتر لە ئۆردوگاکاندا گیرسانەوە وەك ئۆردوگاکانی (هەرسین، کەنگاوەر، سەحنە، سنقر کولیائی، سەریاس، جوانڕۆ، سەلاسی باوەجانی) لە پارێزگای کرماشان و ئۆردوگاکانی (کامیاران و وەرمەهەنگ و دێگولان و شویشە و شەقز و بارامئاوا) لە پارێزگای سنە.

هەر کاتێك باس لە کیمیابارانی هەڵەبجە و قوربانیەکانی ئەم تاوانە دەکەین، سەرنجمان دەچێتە سەر وێنەی تراژیدیا ئامێزەکەی عومەری خاوەر و کۆرپە ساواکەی نێو ئامێزی، کە چەند بێ بەزەییانە بونەتە قوربانی ڕەفتارە دژە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژییە ناسێنراوەکانی ڕژێمی بەعس.

عورمەی خاوەر، بەهۆی ئەو دەرکەوتە تراژیدیایەی وەك شەهید و قوربانیەکی هێرشی کیمیابارانی سەر هەڵەبجە، دواجار بویە ڕەمز و سیمبوڵی زیاتر لە نەتەوەیەك، بەچەشنێك ئەم سیمبولی بونەی عومەری خاوەر، هەر زوو لە دەرەوەی خولگەی نەتەوەیی لەنێو پانتایی جیهاندا وەك کوردێکی قوربانی دەستی ڕژێمی بەعس و وەك ئینسانێکی قوربانی جینۆساید ناسێندرا.

عومەر حمە ساڵح، کە لەنێو هاوشارییەکانی و هەڵەبجەییەکان زیاتر بە (عومەری خاوەر) ناسراوە، لەگەڵ بڵاوبونەوەی وێنەی شەهیدبونی خۆی و کۆرپە ساواکەی لە دونیادا و لەسەر زاری هەڵەبجەییەکانەوە وەك (عومەری خاوەر) ناوی بڵاوبویەوە.

### عومەری خاوەر و فۆتۆگرافەرەکان

سەعید سادقی، یەکێکە لە فۆتۆگرافەر ناسراوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بە درێژایی ساڵانی جەنگی ئێران ـ عێراق وەك فۆتۆگرافەری جەنگ و فۆتۆگرافەری ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی بەشداری زۆربەی بەرەکانی شەڕی کردووە و لە زوومی کامێراکەیەوە هەواڵەکانی جەنگی بۆ ڕۆژنامەکەی گواستۆتەوە.

لەدیدارێکی تایبەتیمدا لە تارانی پایتەختی ئێران، سەعیدی سادقی فۆتۆگرافەر، سەبارەت بە وێنەکەی شەهید عومەری خاوەر بەمشێوەیە دوا:

"کاتێك بۆردومانی شارەکە دەستیپێکرد، من لەگەڵ تیمەکەماندا کە پێکهاتبووین لە چوار کەس لە نێو شاری هەڵەبجەدا بوین، ئەو کاتەی بۆردومانەکە بە کیمیاویی دەستیپێکرد، ئێمە وەك لە بیرم بێت لە کۆڵانێکی درێژدابووین، (بەپێی ئاماژەکان مەبەستی لە کۆڵانی مەڵبەندی ئێستای ڕێکخستی شارەزوری "ی ن ك"ـە..نووسەر)، سەرقاڵی لابردنی تەرمی ژمارەیەك لە شەهیدەکان بوین، کە لە ناوەڕاستی جادە و کۆڵانەکاندا کەوتبون، کاتێك لە سیمای پیاوێك نزیك بوینەوە، منداڵێکی لەئامێز گرتبوو و کەوتبوو بە دەمدا و کەفی دەچڕی و بەدەنگێکی زۆر نزم قرخە قرخێکی لێوەدەهات، دیاربوو لە کۆتا چرکەکانی ژیانیدا بوو، ئەو پیاوە عومەری خاوەر بوو، ئێمە بۆ ڕزگارکردنی ئەو هیچمان لەدەست نەدەهات، تەنیا ئەوەندە نەبێت لەگەڵ هاوکارم فۆتۆگرافەر ئەحمەدی ناتقی چەند وێنەیەکمان لێ چرکاند، دواتر وێنەکانم لە ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی و ڕۆژنامەکانی دیکەی ئێرانی و جیهانی بڵاوبونەوە".

بەپێی ئەزمونی چەندین ساڵ کارکردنم لەسەر دۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەتایبەت ساغکردنەوەی وێنە و بەڵگەنامەکان، ئەوەم لەلا ساغبۆتەوە کە چەندین وێنەگر و فۆتۆگرافەری دیکە، وێنەی دیمەنی شەهیدبونی عومەری خاوەر و کۆرپە ساوەکەیان چرکاندووە، لەوانە:(سەعید سادقی، ئەحمەد ناتقی، ساسان موئیدی، ڕەمەزان ئۆزتورك، مەهدی جەمشیدی، مەجید کەریمیان).


دیارە چەند فۆتۆگرافەری دیکەش وێنەیان گرتووە، بەڵام بەداخەوە تائیستا نەمتوانیوە ناوەکانیان ساغبکەمەوە، بەڵام هەریەك لە فۆتۆگرافەران عەلی فەرەیدونی و ساسان موئید ئاماژە بەوە دەکەن، کە باشترین وێنەیەك لە دیمەنی شەهیدبونی عومەری خاوەردا تۆمار کرابێت بەکامێرای فۆتۆگرافەر (مەهدی جەمشیدی) وێنە گیراوە.. هەر بۆیە زۆر هەوڵمداوە لە نزیکەوە مەهدی جەمشیدی بدوێنم، بەڵام بەداخەوە نەمتوانی، لەبەر ئەوەی ناوبراو پاش مەرگی هاوسەرەکەی وڵاتی ئێران بەجێ دەهێڵێت و لە وڵاتی کەندا نیشتەجێ دەبێت، لەگەڵ ئەوەی زۆر هەوڵمدا ناونیشانی کەندای بەدەست بخەم، بەڵام بەداخەوە زۆر بێ سودبوو.

هەروەها یەك لە فۆتۆگرافەران (ڕەمەزان ئۆزتورك ) و (ئەحمەدی ناتقی) خەڵاتی نێودەوڵەتی تایبەتیان لەسەر وێنەی شەهید عومەری خاوەر پێ بەخشراوە.

### شوێنی شەهیدبوونی عومەری خاوەر

زۆرن ئەوانەی پێیانوایە کە عومەر حمە ساڵح (عومەری خاوەر) و کۆرپەکەی لە بەردەم ماڵی خۆیاندا شەهیدبوون، بەڵام ئەوە ڕاستیەکە نیە و چیرۆکی شەهیدبونەکەی بەو شێوەیە کە (بورهان غەریب )ـی برازای دەیگێڕێتەوە، کە بۆ خۆدەربازکردن و ڕزگاربوون لە هێرشی کیمیابارانەکە، تەواوی خێزانی شەهید عومەر و دوو خێزانی دیکە سواری تراکتۆرێك دەبن بەو نیازەی هەرچی زووترە خۆیان بگەیەننە دەرەوەی شارەکە و لە مەترسی مەرگ خۆیان دەربازبکەن، بەڵام بەهۆی قەرەباڵەغیانەوە شەهید عومەر لەگەڵ کۆرپەکەی سوار نابێت و پێیان دەڵێت: من بەرەو خوار دەڕۆم و ئێوەش وەرن لە خواروی کۆڵانەکە یەکدەگرینەوە، کاتێك شەهید عومەری خاوەر دەگاتە خوار کۆڵانەکەی خۆیان و بەردەم ماڵی کەماڵی جەلال، کە خزمی شەهید عومەری خاوەرن، لەوێدا بۆمباران دەست پیدەکاتەوە و بەهۆی گاریگەری گازی کیمیاوییەکە خۆی و کۆرپەکەی شەهید دەبن، هەرچی خێزانەکەیەتی لە نێو عەرەبانەی تراکتۆرەکەدا لەگەڵ دوو خێزانەکەی دیکەدا دەبن و بەهۆی بۆردومانی ناپاڵم لە نزیك کۆڵانەکەی خۆیاندا سەرجەمیان شەهید دەبن و دواتر خزمێکی نزیکیان بەهەمان تراکتۆر تەرمەکان لە شار دوور دەخاتەوە و لە بەرزاییەکانی چیای باڵامبۆدا تەرمەکان بەخاك دەسپێرێت.

تەرمی شەهید عومەری خاوەر و کۆرپەکەی سەرباری ئەوەی بونەتە مایەی سەرنجی فۆتۆگرافەران و جیهان و کۆمەڵگای کوردی، بەڵام بەداخەوە نەتوانرا لە گۆڕێکی دیاریکراودا بەخاك بسپێردرێن، بەڵکو تەرمەکەیان لە نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا بەخاك سپێردراون و تائێستا شوێنیان ئاشکرا نییە.



وێنەی خێزانی عومەری خاوەر ـ ئەرشیف هەورامانی



شوێنی شەهیدبوونی عومەری خاوەر ـ فۆتۆ سعید سادقی



شوێنی شەهیدبوونی عومەری خاوەر ـ فۆتۆ ئیبراهیم هەورامانی


**تەرمی شەهید عومەری خاوەر و کۆرپەکەی، سەرباری ئەوەی بونەتە مایەی سەرنجی فۆتۆگرافەران و جیهان و کۆمەڵگای کوردی، بەڵام بەداخەوە نەتوانرا لە گۆڕێکی دیاریکراودا بەخاك بسپێردرێن، بەڵکو تەرمی خۆی و کۆرپەکەی لە نێو گۆڕە بەکۆمەڵەکاندان و تائێستا شوێنیان ئاشکرا نییە.**

# کتێبی ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد لە عێراق

ئیبراهیم مەلا زادە

پرۆسەی بە شارستانیکردن وەکو چوارچێوەیەکی تیۆری کە کۆمەڵناسی گەورەی ئەڵمان دایهێناوە، پێوەرێکە بۆ هەمان ئەو دونیابینی و ڕوانگەیەی کە زۆربەی دیکتاتۆر و هێزە داگیرکەرەکان باوەڕییان پێی هەیە لەپێناو سەپاندنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە وەکو شارستانییەت و کولتورێکی تایبەت دەیبینن و پەیڕەوی دەکەن و دەیانەوێت هەموو خەڵك بەهەمان ئەو پێوەرانە بەڕێوە بڕوات. لەحاڵەتی سەرپێچی کردنیش پرۆسەی جینۆساید ئامادەیە. لە ڕاستیدا هەر خودی مل پێکەچکردن و سەپاندنی ئایدیۆلۆژیاکەش هەر بەشێکە لە پرۆسەی جینۆساید. بۆیە دونیابینی پێشێلکارەکان، لەئاستی (ئەوی دی)ـدا نەمانە.. نەمان بەو مانایەی بژاردەیەکی دیکە لەبەردەم گروپە بەئامانجگیراوەکاندا ناهێڵنەوە بێجگە لە نەمان.

بەشارستانیکردن لە تێگەیشتنی داگیرکەر، واتە هەڵگرتنی هەمان خەسڵەت و تێگەیشتن بۆ دونیا و خزمەتکردن بەو پرۆژە و پلانانەی کە ئەوان دایانهێناوە. ئایدیۆلۆژیای ئەوان، لەڕوانگەی خۆیانەوە شارستانییەت و پێشکەوتنە، دەرچوون لەو ئایدیۆلۆژیایە و جوڵانەوە بەپێچەوانەی تێگەیشتنی ئەوان، بێگومان سزاکەی سڕینەوە و لەناوبردنە. میشێل عەفلەق، دەیگوت "کوردەکان سەدان ساڵە لەناو پێکهاتەی عەرەبدا دەژین و خزمەت بە ئامانجەکانی عروبە دەکەن، بەڵام ئیمپریالیزم هات و ئەوانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا لەدژی ئامانجەکانی عەرەب و لەپێناو دابەشکردنی زیاتری نیشتمانی عەرەب". کەواتە، ئەو خاکەی کە کورد لەسەری دەژین، لەڕوانگەی عەفلەقەوە نیشتمانی عەرەبە و ئەوە ئیمپریالیزمە هاتووە دەیەوێت ئەو نیشتمانە دابەشبکات و کوردیش وەکو ئامرازێك بەکار دەهێندرێن. هەر بۆیەشە لە دەستوری حیزبی بەعسدا هاتووە "ئەوەی هەوڵی دابەشکردنی نیشتمانی عەرەب بدات، دەبێت لەنیشتمانی عەرەب دووربخرێتەوە". ئەوە چش لەوەی کە بەعس پێی وایە عروبە تێگەیشتنێکی کولتورییە نەك ڕەگەزی، بۆیە هەموو غەیرە عەرەبێکیش لە نیشتمانی عەرەبیدا بە کولتور عەرەبن، ئەگەر بە ڕەگەزیش عەرەب نەبن. هەموو ئەم تێگەیشتنە یا ئەگەر باشتر دەریبڕم (ئەو خۆئیقناعکردنە بەو تێگەیشتن و ئایدیۆلۆژیایە) بنەمایەکی گرنگە بۆ جینۆسایدکردنی هەموو ئەو پێکهاتە و گروپانەی کە لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا دەیانەوێت جیابن، خاوەنی بوون و زمان و کولتوری خۆیان بن، لەپاڵ ئەوەشدا خاوەنی سەروەری خۆیان بن. هەڵبەت بەعس هێندەی کێشەی لەسەر خاك هەبوو، هێندە کێشەی زمان و جلوبەرگ نەبوو، بۆیە کاتێك هەر نەتەوە و گروپێك لەناو (نیشتمانی عەرەب) بیانەوێت خاوەن سەروەری خۆیان بن، لەوێوە بەدڵنیایی لێدەدرێن و پرۆسەی جینۆساید لەدژیان دەگیرێتەبەر.




بنەمای تێگەیشتن لەو کتێبەدا کە دەزگای لێگزینگتۆن بووکس (LEXINGTON BOOKS)ی ئەمریکی چاپ و بڵاویکردۆتەوە، لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییەدا، تەواوی پرۆسەی جینۆسایدی کوردی لە عێراق شرۆڤە کردووە و لێکیداوەتەوە. هەڵبەت ئامانج لەخودی کتێبەکە، ناساندنی خوێنەری وڵاتانی ڕۆژئاوایە بەتەواوی پرۆسەی جینۆساید لە عێراق، نەك هەر بەتەنها شاڵاوەکانی ئەنفال. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو وێڕای چاپتەری تایبەت بە تیۆریزەکردنی پرۆسەی جینۆساید لەچوارچێوەی پرۆسەی بەشارستانیکردن و ئیتنۆسەنتریزم، چاپتەرێك تایبەتە بە بنەماکانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و چۆنییەتی پرۆسەی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق و هەموو ئەو دەرهاوێشتانەش کە لە ئەنجامی ئەو لکاندنەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتن. پرۆسەی بیناکردنی نەتەوە لە عێراق، هاوکات لەگەڵ پرۆسەی بیناکردنی دەوڵەت، ئەو ئەڵقە نەفرەتییە بوو کە تائەمڕۆش شەپۆڵەکانی ئەو دەرهاوێشتانەی لەو ئاکامەدا هاتنە کایەوە، نەگیرساونەتەوە.

کتێبەکە بەزمانی ئینگلیزییە و بێجگە لە پێشەکیەکی درێژ، لە شەش چاپتەر یا بەش پێکهاتووە، وێڕای پوختەی کۆتایی و ژمارەیەکی زۆر لە دۆکومێنت.

لەو بەشانەش:

یەکەم: عێراق لە ئاوێنەی تیۆریدا، بیناکردنی نەتەوە و جینۆساید

دووەم: بیناکردنی نەتەوە و بە سەنتەرکردنی عەرەب لە عێراق

سێیەم: جینۆساید و پرۆسەی بەشارستانیکردن لە عێراق، تەعریب، ڕاگواستن، کوردە فەیلیەکان و بارزانیەکان.

چوارەم: جینۆساید و پرۆسەی بەشارستانیکردن لە عێراق، شاڵاوەکانی ئەنفال

پێنجەم: ڕوانگە و ئەزموونی کەسەکان لە پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق و ئایدیۆلۆژیاکەی

شەشەم: ڕوانگە و ئەزموونی کەسەکان لە پرۆسەی جینۆسایدا.

بەو جۆرە، بەستراکتۆرێکی دیار و بەپێی ریزبەندی ڕووداوکان، دەوڵەت و جینۆساید وەکو دوو دوانەی جمگ لە عێراق، بەیەکەوە بەستراونەتەوە و شرۆڤەکراون.

# ئەنفالی دوای ئەنفال!...

## گوندی عەلیان ... دەروازەیەك بۆ تراژیدیای کوشتنی بە کۆمەڵ



عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

کتێبێکی (144) لاپەڕەی قەبارە مام ناوەندە، بە تیراژی (1000) دانە، لە چاپکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران ـ سلێمانیە، لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: ئەنفال؛ تراژیدیای کوشتنی بە کۆمەڵ لە بەسەرهاتێکی تایبەتیدا، لێکۆڵینەوەی نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا؛ محەمەد عەلی عەلیانی، جوتیارێکی نەخوێندەواری خەڵکی گوندی عەلیانی سەر بە ناحیەی تیلەکۆی گەرمیانە و لە دۆزەخی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئەنفال دەربازی بووە، وەڵامی پرسیارە سادەکانی (یوست هیلتەرمان)ـی نوێنەری ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ دەداتەوە، بەڵام لە وەڵامە سادەکانی محەمەد عەلیانیدا، دەیان و سەدان و هەزارەها پرسیاری بێ وەڵام ڕۆح و ناخ و ویژدانمان داگیر دەکات، بەڵام مەخابن جارێکی تر و لە زەمەنێکی تردا، محەمەد عەلیانی و پرسیارە بێ وەڵامەکان ئەنفال دەکرێنەوە و بە گۆڕە ونەکان دەسپێردرێن.

نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا وەك توێژەرێکی شارەزای خاوەن ئازاری قوڵ، لە سەر ڕۆشنای چاوپێکەوتنەکەی (یوست هیلتەرمان)، بەم جۆرە باسی (محەمەد عەلی عەلیانی)ـمان بۆ دەکات، کە چۆن لە دۆزەخی مەرگی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بیابان هەڵاتووە؟ لە زاری عەلیانیەوە، گولەبارانکردنی بە کۆمەڵی هەموو ئەنفالکراوەکانمان وەك خۆی بۆ دەگێڕێتەوە:

"سوپای عێراق خۆم و خانەوادەکەم و خەڵکی گوندەکانی گەرمیانیان لە میل قاسم دەستگیرکرد و براین بۆ کەلار و لەوێوە بۆ قۆرەتوو.. دواتر گویزراینەوە بۆ تۆپزاوە، لەوێ جیا کراینەوە وخراینە هۆڵەکانەوە، بێ نان و بێ ئاو، لەوێوە دەستمانیان بە شریت بەست و بە کۆمەڵ بە ئوتۆمبیلی تایبەتی براین بۆ چاڵەکانی کوشتنی بە کۆمەڵ لە بیابانەکان، لە نزیك چاڵەکان گوێمان لە دەستڕێژی گولەی تیمەکانی کوشتن بوو.. وەجبە بە وەجبە بە کۆمەڵ خەڵکیان دەکوشت".

ئەوان (28) کەس بوون، کە زانیان دەکوژرێن، لە دواساتدا هەموویان دەستیان کردە ملی یەکتر، یەکتریان ماچ کرد، کە لە ئوتۆمبێلەکە یەك یەك دایان دەگرتن، کەلەپچەیان لە دەست دەکردنەوە و دەیانبردن بۆ بەردەم چاڵەکان.. لەو ساتەدا محەمەد عەلیانی فرسەتی هێنا و هەڵات بەرەو ئەو دیوی چاڵەکان، دوای تاوێی گوێگرتن لە دەستڕێژی گولەبارانکردن، چەکدارەکان زانیان کەسێك ڕادەکات، بۆی گەڕان، بەڵام محەمەد بەردەوام بوو لە ڕاکردن، لە ناو گیاکان خۆی شاردەوە، بۆ ئەوەی نەیبینن، چەکدارەکان لایتی ئوتۆمبێلەکانیان ئاراستەی ئەو دەوروبەرە کرد، بەڵام کەسیان نەبینی، محەمەد بە ناو قوڵایی ئەو شەوە زەنگەدا کاتژمێرو نیوێك ڕایکرد، بێ ئەوەی بزانێت ڕوو لە کوێ دەکات، ئەو بە شەوە بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن و بە ڕۆژیش خۆی حەشار دەدا بۆ ئەوەی دەسگیر نەکرێت.

دوای چوار ڕۆژ و چوار شەو نان نەخواردن، خواردنەوەی ئاوی سویر بەقوتویەك ژەنگاوی، دواجار ڕووی کردە گوندێکی عەرەب، خەڵکی گوندەکە لێی کۆدەبنەوە و دەڵێن:"وا دیارە لە فرۆکە بەربوەتەوە)".

نانێکیان بۆ هێنا و خواردی، دواتر دەستگیریان کرد و گواستیانەوە بۆ بنکەیەکی پۆلیس و زیندانیان کرد..

بەهۆی ئەوەی محەمەد عەلیانی عەرەبی نەدەزانی، ئەوانیش کوردیان نەدەزانی، لەوێ پۆلیسێك کەمێك کوردی دەزانێت و ئیفادەی لێ وەردەگرێت، محەمەد عەلیانی لە ترسا هەر دەیگوت:"من قەساب بووم، ئەوان لەوێ منیان گرت و هێناومیان بۆ ئێرە، من سەر بە فەتاح بەگم".

محەمەد لەم ڕستە زیاتر هیچی تری نەدەگوت، دوای دوو ڕۆژ گواستیانەوە بۆ زیندانی موسڵ، لەوێ زیندانی کوردی لێ بوو، لەبەر ئەوەی جل و بەرگەکەی شیتاڵ شیتاڵ ببووەوە، ئەوان واتا زیندانیەکان، جل وبەرگ و نەختێك




پارەیان پێدا، دوای (10) ڕۆژ گواستیانەوە بۆ زیندانی کەرکوك، (15) ڕۆژ لەوێش مایەوە، دواتر بردیان بۆ هەولێر... ئینجا سلێمانی. لە هەموو زیندانەکان هەر ئەو ئیفادەی یەکەمجاری دەوتەوە و ئیفادەکەی نەگۆڕی، دوای دوو ڕۆژ گواستیانەوە بۆ کەلار، لەو کاتەدا ڕژێم تازە لێبوردنی دەرکردبوو، باوك و دایکیشی کە ئەنفال کرابوون، لە نوگرەسەلمان ئازاد کرابون و گەڕابونەوە، باوکی سەردانی محەمەدی کرد و بە (4) هەزار دینار بەریدا، محەمەد گەڕایەوە بۆ سمود، دواتر کرا بە سەرباز.

ئەم چیرۆکی ئەفسانەیە ئەگەر هی هەر میللەتێکی تر بوایە، دەمێك بوو سیناریوی بۆ نوسرابوو و کرابوو بە فیلمێکی تراژیدیا، بۆ ڕوداوێکی سروشتی وەك (تایتانیك) هەموو دنیا بهەژێنێت؟ بۆ ئەنفال و مەرگەساتەکانی کورد کاڵ بکرێنەوە و ون بکرێن، یادەوەری کورد زۆر لاوازە، هەر وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، ئەگەر ئەم ئەفسانەیە فیلیم بوایە، دەگەیشتە هەموو دنیا، ویژدان و ناخی مرۆڤ و مرۆڤایەتی شەرمەزار دەکرد و لە شەرما ئاواتیان دەخواست (محەمەد عەلیانی و گوندی عەلیان و گەرمیان و کورد و کوردستانی ئەنفالیان) لە نزیکەوە بناسیایە.

پرۆفیسۆر (گریگۆ ستانت هۆن) کە لە ساڵی (1988) ڕێکخراوی جینۆساید ۆوجی جیهانی دامەزراند، دەڵێت:"وڵاتەکەم ئەمەریکا لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا، یەکێك بووە لەو وڵاتانەی هاوکاری سەدام حوسێن-یان کردووە و هاوپەیمانی بوون، زانیاریان لەسەر ئەنفال هەبوو، بەڵام هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، بۆیە من هەست بە شەرمەزاری دەکەم، ئێستا چۆن وا بکەین، جینۆساید ڕوو نەداتەوە، نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە هەموو جیهان".

لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا، چاوپێکەوتنێکی (یۆست هیتلەرمان) دەبینین کە بە کامێرای هێمن ئەحمەد کەرکوکی تۆمارکراوە، نوسینەوەی چاوپێکەوتنەکە و پەراوێزەکانی لەلایەن نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵاوە تۆمارکراوە.

کۆپی ئەو کاسێتە ڤیدۆییە لەلای نەجمەدین فەقێ عە بدوڵڵاوە پارێزراوە، ئۆرجینالەکەشی لە ڕێگای (یۆست هیڵتەرمان) لە ئەرشیفی ڕێکخراوی (Human Rights Watch) لە ئەمەریکا پارێزراوە.

ئەو کاتە نەجمەدینی فەقێ عە بدوڵڵا لێپرسراوی (کۆمیتەی بەرگریکردن لە مافەکانی قوربانیانی ئەنفال) بوو، لە (عوسمانی حاجی مەحمود)ـەوە زانیاری محەمەد عەلیانی ـ یان پێگەیشت، لە (1993/3/30) ئەو تیمە بە کامیرای هێمن ئەحمەد کەرکوکی کامیرامان و بە سەپەرشتی یۆست هیتلەرمان، گەیشتنە گوندی عەلیانی سەر بە ناحیەی تیلەکۆ، ئەم چاوپێکەوتنەیان تۆمارکرد، کە ئەفسانەیەکی دەگمەنە لە تراژیدیانی جینۆسایدی جیهان.

دوای ڕاپەڕین... دوای چەند مانگێك محەمەد عەلی عەلیانی لە شەڕی ناوخۆ، شەڕی براکوژی بە گولەی قەناسی ئیسلامییەکان کوژرا، ئەگەر بڕوانینە مێژووی دوای ئەنفال و دوای ڕاپەڕین و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان... ئەنفالێکی تر بە بڕیاری سەکردایەتی سیاسی کورد سەری هەڵداوەتەوە، لەسەر بیرو بۆچونی جیاواز کورد ـ کورد بکوژێ، ئەمجارەیان کورد خۆی دەبێت بە جەلاد و خۆی خۆی دەکوژێت و خۆی خۆی ئەنفال دەکات.

لە دوای ڕاپەڕینەوە (محەمەد عەلی عەلیانی و ئەحمەدی حاجی ڕەشید، غەریب هەڵەدنی، شەهید ڕێباز، حەسەن کوێستانی، مەحمودی مامە عەزە، سەید جەوهەر، ئەحمەد بازۆکە، ئەبو ڤیان، عەمار، هێمن، عەلی سوور)، ئەمانە هەموویان پارتیزان بوون لە قوڵایی گەرمیان و دۆڵی جافایەتی و باڵەکایەتی دوای ئەنفال مانەوە.. سوپای ئەنفال و سەدام و بەعس نەیانتوانی بیانکوژێت، بەڵام دەسەڵاتی حیزب و سەرانی کورد، هەموویانی لە کوردستان کوشت و ئەنفالیکردن.

# هەق دەسەندرێتەوە..

## نادرێتەوە

**سەنگەر عەبدولقادر ناشاد**

مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەمان پێ دەڵێت، کە وەرگرتنەوەی ماف پێویستی بە سەندنەوە هەیە و لە خۆڕا نادرێتەوە... بەڵێ، ماف دەبێت بسەندرێتەوە و هەرگیز زەوتکەرو ستەمکار ئامادە نییە دان بە مافاکانتدا بنێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی.

وەرگرتنەوەی ماف، پێویستی بە ڕوبەڕوبوونەوە هەیە لەگەڵ ستەمکار، دەبێت ئارەقی بۆ برێژرێت، ئەگەرنا تا مردن دەبێت لە چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی مافەکانتدا بمێنیتەوە و هەر بەو چاوەڕوانییەشەوە سەر بنێیتەوە.

لە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا، بێجگە لە حکومەتی بەعسی عێراق، گەلێك لایەنی دیکەش ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بەشداربوون، بۆیە پێویستە سزا بدرێن و داوایان لەسەر تۆمار بکرێت و قەرەبوویان لێ بسەندرێت، ئەگەر لە رووی یاساییشەوە تاوانەکانیان نەگاتە ئاستی تاوانەکانی سەدام.

کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی گازی خەردەل و دەماری ئەمریکا و ئەوروپا و ئێران و پارتە کوردییەکان، هەموو بەشدارن لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە.. فەیلەقەکانی ڕێکخراوی بەدر و حیزبی دەعوەی عێراقی بەشدارن بە ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا، بەپێی یاساکانی ئاسمان و زەوی، دەبێت لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و سزا بدرێن و قەرەبوویان لێ بسەندرێت.

بەڵێ، سەرانی ئەو لایەنە بەشدارانەی تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، لە بری ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا بە پارەی دزراوی میللەت سەرمایەگوزاری بکەن، ژن و کوڕو کچەکانیان لە بری ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ڕابوێرن، لە کوردستانیش خۆیان هەڵکێشن بەسەر قوربانیانی جینۆساید و چینە بەش مەینەتەکەی کوردستاندا، دەبێت سزابدرێن لە بەردەم مافخوراوان و ستەم لێکراواندا.. دەبێت دان بە ڕاستییەکاندا بنێن و داوای لێبوردن بکەن و قەرەبووی قوربانیان بکەنەوە.

پێویستە وەك هەنگاوی یەکەم، لە دادگاکانی عێراق سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەین و نەهێڵین چیتر دەستی دەستیمان پێ بکەن و پێمان ڕابوێرن و بڵێین: (بڕۆن لە موڵك و سامانی سەرانی بەعس قەرەبووەکانتان وەربگرنەوە)، وەك ئەوەی تەنها سدام و سەرانی بەعس بەشداربووبن لەو تاوانەدا!.

لە مێژەوە دەبوایە بمانوتبایە کە ئەوانەی تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەیان ئەنجامدا، ڕاستەوخۆ حکومەتی عێراقی و ناڕاستەوخۆش کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری گازی خەردەل و دەماری وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئێران و پێشمەرگەی لایەنەکانی کوردستان و فەیلەقەکانی بەدر و حیزبی دەعوەی عێراقی بوون.. ئەو لایەنانە کە ناڕاستەوخۆ بەشداربوونە لە تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا، ئەگەر لە هەنگاوی یەکەمماندا دادگاکانی عێراق (لەبەر لایەنگریان بۆ ئەو لایەنانەی کە دەستیان لەو تاوانەدا هەیە) ئەو ئەرکەی سەرشانیان ئەنجام نەدا، دەبێت چیتر دەستەوسان نەبین و دەست بەجێ لە دادگاکانی ئەوروپا سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەین لەسەر بەشداربوونیان لە ئەنجامدانی ئەو کۆمەڵکوژییەدا.

چۆن ئەوان ژیانی ئێمەیان کرد بە دۆزەخ، ئێمەش ئەو بەهەشتەی کە لەسەر خوێن و فرمێسك و گریانی ئێمە بۆ خۆیان فەراهەم هێناوە، لێیان بکەین بە دۆزەخ و لەبری ئەوەی ڕۆژانە ئەوان لە بەرامبەر داوای قەرەبووکردنەوەمان پێمان ڕابوێرن و سوکایەتی بە عەقڵمان بکەن، سەغڵەتیان بکەین و ناچاریان بکەین لەو سەدان ملیار دۆلار و یۆرۆیەی کە لە بەرهەمی کۆمەڵکوژی ئێمەدا دەستیان کەوتووە و دزیویانە و سەرمایەگوزاریشی پێوە دەکەن، قەرەبوومان بکەنەوە.

ئەم لایەنانە هێندە نامرۆڤ و سپڵە و بێ ویژدانن، تائێستاش داوای لێبوردنێکیان لێ نەکردووین، تاوەکو ئێستاش ئەگەر پسولێەکی سەفەرکردنیان بۆ وەرگرتنی چارەسەر لە ئێران بۆ بریندارێکی کیمیابارانی هەڵەبجە کردبێت، بە کۆڵێك منەتەوە کردویانە و لەولاشەوە ئێران بە پارە ڤیزای داوە پێیان و لە ئێرانیش لەسەدا سەدی خەرجی چارەسەرکردنیانی لێ سەندوون، بەڵام بۆ لایەنەکانی سەر بە ئێران لە عێراق، تەواوی خەرجی چارەسەرکردنیان لە ئەستۆ گرتووە، لە کاتێکدا ئەگەر ئێران هێرشی نەکردایەتە سەر هەڵەبجە، هەرگیز ئەو کۆمەڵکوژیە بەو شێوەیە ڕووی نەدەدا!.

# ئەی پرسی جینۆساید بەرەو کوێ؟



چنار نامیق

ڕێك (34) ساڵ بەسەر تاوانەکانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد تێدەپەڕێ، عێراق لەوساوە تائێستا بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی سەبارەت بەم پرسە لە ڕێگەی پەردەپۆشکردن و بچوککردنەوەی ئەم گەورە تاوانانە.

چونکە عێراقی ئێستا میراتگری دەوڵەتی عێراقی پێشووە، لەلایەك نایەوێت داوای لێبوردن لە کورد بکات و قەرەبووکردنەوەی زیان بەرکەوتووانی ئەو تاوانانە لە ئەستۆ بگرێت، ئەمە لە کاتێکدایە وەك میراتگری عێراقی پێشوو قەرەبووی وڵاتی کویتی کردەوە، لەلایەکی دیکەوە نایەوێت وێنەی هزری عێراق بشێوێنی لە دیدی ڕای گشتی.

نەك هەر ئەوەش، بەڵکو لەئێستادا بڕیاری دانسقەمان بۆ دەردەکات، دەسەڵاتە ئازیزەکەی کوردیش لە ململانێی سرینەوەی یەکتر لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار و کورسیە خولاوەکانی عێراقی جینۆسایدکەرن، دەڵێی نە بایان بینیوە نە باران.. وەك ئەوەی تائێستا یەکێك لەو خاوەن پۆستانە کارێکی یەکجار گرنگی ئەنجامدابێت بۆ بە نێودەوڵەتیکردن وناساندنی جینۆسایدی کورد و جێبەجێکردنی مادەی (140).

تاکە کاری باشی باوکە عێراق لە پرۆسەی جینۆسایدکردنی کورددا، ئامادەکردنی لیستێکە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە ناوی داواکراوان، لێ ئێمەی کورد بە گەل ودەسەڵاتداران و حکومەتەوە، هێندە شەرمن وبەرەحم و دڵناسك ولێبوردەین، نامانەوێ تەنانەت لە پێناو شادکردنی ڕوحی (182) هەزار ئەنفال وهەشت هەزار بارزانی، بەداواکراوان بڵێن پشتی چاوتان ئەبرۆیە و ڕووبەڕووی دادگایان بکەینەوە.. لەگەڵ ئەوەش دادگاییکردنی داواکراوان تاکە ڕێگایە بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەنفال.


ئەوەی جێی نیگەرانییە هەر وەك چۆن ڕزگاربووان یان بەجێماوان لە شاڵاوەکانی ئەنفال زۆریان لەناوچوون و نەتوانرا سوود لە ئەزموون وبەسەرهاتەکانیان وەربگیرێت و دۆکۆمێنت بکرێت، بەهەمان شێوە داوکراوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە لەناوچووندان، چی بە هۆی هەڵکشانی تەمەنەوە بێت یان هەر هۆکارێکی دیکەی مردن بێت، ئەمەش بۆ خۆی خەسارەت و زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بە لەناوچوونی بەڵگە و شایەتحاڵەکانی ئەنفال و جینۆساید.

لە یادی (34) ساڵەی تاوانەکانی ئەنفال و جینۆسایددا، جێی خۆیەتی دەسەڵاتی کوردی بیر لەم بابەتە بکاتەوە و هەنگاوێکی جدی بنێت بە ئاراستەی ڕوبەڕوکردنەوەی ئەو داواکراوانەی ناویان لە دادگای باڵای تاوانەکان وەك تۆمەتبار هاتووە تا بدرێنە دادگا، مەرج نییە هەموو ئەوان تاوانباربن، ڕەنگە بەم هەنگاوە بەشێکیان بێتاوانیان دەربکەوێت و بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە.

یان هەندێك جار مرۆڤ (تاوانبار یان تومەتبار) دوای تێپەربوونی کات لەپێناو پاککردنەوەی ئەستۆی خۆی، بڕیار دەدات دان بە تاوانەکەی بنێت و ڕازی بێت سزاکان قبوولّ بکات.. بەمەش دەوترێت پاککردنەوەی خود.. بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەو تاوانبارانە خۆیان پاك بکەنەوە لەو تاوان و هەڵانەی کە بەویست یان بێ ویستی خۆیان ئەنجامیانداوە، ئەمەش لە پێناو گەیشتن بە دادپەروەری و ئاسودەکردنی ویژدانیان.

**عێراقی وەك میراتگری دەوڵەتی پێشوو، قەرەبووی وڵاتی کوەیتی کردەوە، بەڵام نە ئامادەیە داوای لێبوردن لە کورد بکات و نە ئامادەیە قەربووی زیانەکانی جینۆسایدکردنمان بۆ بکاتەوە**

# ئیبراهیم مەلا زادە:
# جینۆسایدی کورد درایە دادگایەك، لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دەیان گومانی لەسەر بوو



ئا/ نوگرەسەلمان

**ئیبراهیم سادق مەلازادە، ئەکادیمیست و لێکۆڵەر لە بواری جینۆساید، لەم دیمانەی (نوگرەسەلمان)، سەبارەت بە پرسی جینۆساید و کەمتەرخەمیەکانی حکومەت لەو دۆسیەدا قسە دەکات.**

*** ڕۆڵی حکومەتی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنیت لە ناساندنی کەیسەکانی جینۆساید؟**

– پرسی جینۆساید، یەکێکە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، نەك هەر تایبەت بە کورد، بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو نەتەوەکانی دونیا، تاوانێکی نێودەوڵەتییە، کۆمەڵێك ڕەهەندی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆیی هەیە، لەکۆمەڵێك ڕووەوە دەکرێت پرۆسەی جینۆساید ئاستێکی ستراتیژی نیشتمانی و ئاستێکیش تاکتیکی هەبێت.

مخابن لە هەرێمی کوردستان، لەوانەیە لەسەر ئاستی تاکتیك هەندێك شت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ پرسی جینۆساید کرابێت، وێڕای ئەوەی کە خزمەتێکی باشی ئەو دۆسیەیە لەسەر ئاستی ژمارەیەك تاکە کەس (بە ئەکادیمی و نوسەر و چالاکوانەوە) کراوە،. بەڵام دەبێت ڕاشکاو بین، لە ڕووی ستراتیژەوە ئەوەندەی من وەك کەسێکی ئاگادار لەو دۆسییەیە، حکومەتی هەرێم نەك هەر هیچی وەهای نەکردووە، بەڵکو گەورەترین کەمترخەمی لەو دۆسیەیەدا کردووە و زیانێکی زۆر گەورەی ستراتیژیشی بەو دۆسیەیە گەیاندووە، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، بەکورتی ئاماژەیان پێی دەکەم:

یەکەم: هەر لەسەرەتاوە، حکومەتی هەرێم نەیتوانی ئەو کەیسە بباتە ئاستی نێودەوڵەتی و هەوڵ بدات دادگایەکی تایبەت بە جینۆسایدی کورد دابنرێت. من ئاگاداری ئەوە نیم داخۆ داواکراوە یان نا، بۆ ئەوەی دادگایەکی نێودەوڵەتی دابمەزرێت، چونکە هیچ دۆکومێنتێکم لەبەردەستدا نیە و هیچ سیاسییەکی هەرێمیش باسی ئەوەی نەکردووە کە داواکراوە و قبوڵ نەکراوە.. دیارە لەسەر ئەو بنەمایەش هەر زوو ڕازیبوون دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ئەو دۆسیەیە بگرێتە ئەستۆ و ڕووداوەکانی دادگاکە لەلای زۆربەی چاودێرانی ئەو بوارە ئاشکران. پرسیاری جدی ئەوەیە، ئایا ڕووی داوە تۆ تاوانێکی هێندە گەورە ببەیتەوە ئەو پایتەختەی کە چەندینجار بڕیاری جینۆسایدی کوردی لێوە دەرچووە؟ نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەیان ساڵە، بزووتنەوەی سیاسی کورد باس لە داگیرکەر دەکات، بەوەی کە باشووری کوردستان لەلایەن عێراقەوە داگیرکراوە، دوای ڕاپەڕین بەخشکەیی هەموویان چوونەوە بەغدا بۆ گفتوگۆ و سەدامی گەورە تاوانبارییان لە باوەش گرت.. دوای ساڵی (2003) بەهەمان شێوە گەڕانەوە بەغدا و بەشداری پرۆسەی سیاسی بوونەوە و بوون بە پەیژەیەك بۆ دروستکردنەوەی عێراق. لەڕاستیدا هیچ نەتەوەیەکی داگیرکراو ناچێتە پایتەختی داگیرکەر و لەوێ سیاسەت بکات. ئەگەر هەر دەبوایە بچن، دەبوو بەکۆمەڵێك مەرجی قورسەوە چووبانە بەغدا، لەوێش بەهیچ جۆرێك کێشەی ئەوان پۆست نەبوایە و پۆستیان وەرنەگرایە، تا ئەو ڕۆژەی هەموو پرسە نیشتمانیەکانی خەڵکی کوردستان یەکلادەبوونەوە، نەك وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، کە تەواوی پرسەکان دیزە بەدەرخوونە کراون و بەدوای پۆستی وەهمی و خەونی وەهمی کەوتون.. نوخبەی سیاسی کورد هیچ ڕوانگەیەکی ستراتیژی نیە و نوخبەیەکی کورتبین و کۆڵەوار بوون و نەیانتوانی لەئاستی گەورەیی پرس و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان بن. بەو هۆکارەش زوو یا درەنگ دووچاری قەیرانێکی سیاسی گەورە دەبنەوە، وەکو ئەوەی ئێستا شەپۆلەکانی لەبەردەممانن. ئەگەر لەئاستی بەرپرسیارێتی نیشتمانی بونایە، دەبوایە ئەو عێراقە لەسەر بنەماکانی تاوانی جینۆساید بینابکرێتەوە.. بەڵام پرسی جینۆساید درایە دەست دادگایەك کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتی، دەیان گومانی لەسەر بوو و قەیرانی شەرعییەتی هەبوو.. ئینجا لەپاڵ ئەوەش ئەدای دادگاکە، کە ئەدایەکی هێندە لاواز و کۆڵەوار بوو، لەکاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان کە ڕاستەوخۆ دەگوازرانەوە و تەماشام دەکرد، بەدەیانجار لەڕق و خەفەتی ئەو دادگایە هاوارم کردووە و توڕەبووم. ئەنجامەکەی چی بوو، تاوانباری یەکەم، بەسەفقەیەك بەر لە تەواوبوونی دادگاییکردنەکەی لەسەر شاڵاوەکانی ئەنفال و کەیسەکانی دیکە، شیعەکان وەکو تۆڵە لەسێدارەیاندا، بۆ کەیسێك کە ئەسڵەن ڕەهەندی جینۆسایدی نەبوو.

دووەم: نوخبەی سیاسی بەرپرسیار لەبەغدا گەورەترین کەمترخەمیان کردووە لەئاستی کەیسی قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال و تەواوی کەسیەکانی جینۆسایدی کورد لە عێراق. هەروەها کەیسی ڕاگواستنی زیاتر لە چوار هەزار گوند و ئاوەدانی کوردستان.

ڕژێمی عێراق تەواوی باشووری کوردستانی هەڵتەکاندبوو.. کوا ئائەمڕۆ چیکراوە؟ قوربانیەکانی دەستی ئەو دەوڵەتی بەناو عێراقە چ سوودێکیان لەو ململانێ سیاسیەی ناو پەرلەمانی عێراق بینیوە؟ ئایا تا ئەمڕۆ ئامارێك هەیە بۆ قەرەبووکردنەوە؟ ئایا پەرلەمانی عێراق داوای قەرەبووکردنەوەی کردووە؟ بۆ نوخبەی سیاسی و پەرلەمانتارە زۆر و زەوەندەکانی کورد لە بەغدا دوای زیاتر لە (10) ساڵ نەیانتوانی فشارێك لەسەر دەسەڵات لە بەغدا دروست بکەن و بیخەنە ئەجیندای حکومەت بۆ ئەوەی قەرەبووکردنەوەکان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.. دڵنیام لەوەی ئەگەر قەرەبووکردنەوە جێبەجێ بکرایە، دەبووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بووژانەوەی کەسوکاری شاڵاوەکانی ئەنفال و بارزانییەکان و فەیلییەکان و تەواوی کەیسەکان لەو بوارەدا. بەڵام کوا چی کراوە؟

سێیەم: دەبوایە لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراق کارییان بۆ دەرکردنی یاسایەك بکردایە، تەجریمی هەموو جۆرە ئینکارکردنێکی جینۆسایدی کوردی بکردایە، هەر لەو یاساییەدا تەجریمی هەموو جۆرە دووبارەکردنەوە و پەلاماردانی کوردستانی بکردایە و حکومەتی عێراقی پابەند بکردایە بە قەرەبووکردنەوە و داوای لێبووردن لە خەڵکی کوردستان و ئەوەش دەبووە دۆکومێنتێکی یاسایی گرنگ.

چوارەم: لەسەر ئاستی کوردستان، تا ئەمڕۆ ناوەندێکی نیشتمانی تایبەت بە پرسی جینۆسایدمان نیە، نە سەنتەرێکی توێژینەوەی نیشتمانی، نە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی و نە مۆنۆمێنتێکی نیشتمانی لە پایتەخت بوونی نییە بۆ ئەوەی کەیسی جینۆسایدی کورد بکاتە خەمێکی گەورەی نیشتمانی.. بە جۆرێك ئەرشیفێکی نیشتمانی گەورە لەو ناوەندەدا هەبوایە. ناوەندێك هیچی کەمتر نەبوایە لە ناوەندی (یادڤەشامی) ئیسرائیلی کە لە تەلئەبیبە و ساڵانە بەهەزاران کەس ڕووی تێدەکەن.. ئاخر چۆن نالێم هیچ نەکراوە، لەکاتێکدا توێژەرێکی بیانی بێتە کوردستان و لێم بپرسێ، دەمەوێت سەردانی ناوەندی ئەرشیفی کوردستان بکەم، دەبێت چاوم مۆن بکەمەوە و ببمە قەترەیەك ئاو لە شەرمان، کە دوای سی ساڵ ئەرشیفێکی نیشتمانیمان نیە. لەکاتێکدا بەقەد هەموو دونیا تاوان لەدژ خەڵکی کوردستان کراون، وڵاتمان وێران بووە، بەهەزارانمان لەسێدارە دراون. وڵاتمان تەعریب کراوە. کوا یادەوەریمان؟

هەموو ئەو چوار خاڵە، ئاستی ستراتیژی نیشتمانین و تا ئەمڕۆ لەهیچ ئاستێکەوە ئاوڕییان لێنەدراوەتەوە، بێجگە لەکۆمەڵێك هەوڵی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی کە نەتواندراوە بەهیچ کوێیەك بگەیەندرێن.. کێ بەرپرسیارە لەو پشتگوێخستنە، بێگومان حکومەتی هەرێم کوردستان، بێگومان زیانێکی زۆر گەورە بەو کەیسە کەوتووە و لەداهاتووشدا زیانەکان دەیان و سەدان قات مەترسیدار دەبن، چونکە هیچ هەوڵێکی ڕەسمی لەو ڕووەوە بۆ ئاسۆیەکی نزیك نابینم.

*** دادگایینەکردنی تاوانباران چ زیانێکی بە کەیسەکە گەیاندووە؟**

– لەخاڵی یەکەمدا باسم لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کرد، بەڵام ئەنجامەکەی چی بوو؟ کێ تاوانباران دادگایی بکات؟ چەندین تێوەگلاو لە شاڵاوەکان لە بەغدا لە باڵاترین ئاستدا دەستەڵاتیان هەیە، هەر بەجدی کێ تۆمەتباران دادگایی بکات؟ دادگای باڵای تاوانەکان، کە لەبنەڕەتدا دادگایەکی شکستخوارد بوو؟ ئەوان لە ڕابردوودا چییان کرد، تا ئەمڕۆ بیکەن؟ ئیسرائیل بۆ خۆی لە تەلئەبیب دادگایەکی تایبەتی بۆ ئەدۆلف ئایشمان دامەزراند و لە ئەرجەنتینەوە ڕفاندییان و هێنایانەوە ئیسرائیل بۆ دادگایکردنی. لەکاتێکدا زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی هەر لە ئەرجەنتین ئایشمان بکوژن، بەڵام چونکە خەمخۆری کەیسی هۆلۆکۆست بوون و بۆیان بووە بە ناسنامەیەك و هەموو دەرفەتێك بچووك یان گەورەیان دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی یادەوەری ئەو تاوانە گەورەیە لە زاکیرەی جووەکان و دونیا بەزیندوویی ڕابگرن.. بەو جۆرە بە هەوڵێکی هەواڵگری سەرکەوتوو ئایشمانییان ڕفاند و هێنایانەوە ئیسرائیل و دادگاییان کرد. دادگاییکردنەکە بوو بە ڕووداوێکی مێژوویی و بەجۆرێك زانایەکی وەکو هانا ئارێنت کتێبێکی لەسەر نوسیووە و کتێبەکە بەقەد دادگاییکردنەکە گرنگ بوو، چونکە دادگاییکردنەکەی بە زیندوویی لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا هێشتەوە. لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا نەك هەر ئەو شتانە نەکران، بەڵکو گەورە تۆمەتبارێکی وەکو وەفیق سامەرایی کە ناوی لە لیستی تۆمەتبارەکاندایە، لەجیاتی دادگاییکردنی کرا بە ڕاوێژکاری سەرۆك، لە هەموو بۆنەیەکیشدا دژی کورد قسە دەکات.. خەزرەجی و دەیان جاش و موستەشاریش بەهەمان ئاست، نەك هەر پەراوێزنەخراون، بەڵکو هەژموونیان بەسەر کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیشدا هەیە.

*** کوا ئەو دادگایەی کە هەرێم بۆ تۆمەتبارانی جینۆساید دایمەزراند؟**

– زیانەکە تابلێی گەورە و قورسە، لە یاسادا پەنادانی تۆمەتباران وەك بەشداربوونە لە تاوان، پەنادەران لە گەورەیی ئەو تاوانە تێناگەن، مێژوو هەرگیز بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە.. بۆیە ئومێدەوارم کۆتاییەك بۆ ئەو سەرگەردانییە دابندرێت.

زیانەکان، زۆر جۆری هەن، لێرەدا تەنها سێ خاڵ باس دەکەم:

یەکەم: بە ئازادی سوڕانەوەی تۆمەتباران، تاوانەکان لای خەڵك نۆرمالیزە دەکات.. نۆرماڵیزەبوونی تاوان مەترسییەکی گەورەیە لەسەر کۆمەڵگە، بەهۆی ئەگەری دووبارەبوونەوە. خەڵك زۆر دەڵێن ئەگەر ئەوجارە دۆخێکی وەکو سەردەمی هەشتاکان دروست بووەوە، دەبم بە جاش، چونکە دەرکەوت جاشەکان لە پێشتربوون و ئیعتیبارییان زیاترە.

دووەم: بەشێك لەو تۆمەتبارانە دەمرن یا بەهەر شێوازێك بێت وەن دەبن. ئەوەش مانای وایە بەشێك لە زانیارییەکان ونبوون و ئەڵقەیەك لە تاوانەکە بەونبوویی و ناکاملی مایەوە.

سێیەم: دادگاییکردنی تۆمەتباران هەمیشە ئامۆژگاری و عیبرەتە بۆ کەسانی دیکە بۆ ئەوەی هەرگیز بیر لە تاوانکاری نەکەنەوە. کاتێك تۆمەتبارێك نەك هەر دادگایی ناکرێت، بەڵکو پێگەیەك یا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسیی گرنگی پێ دەدرێت، ئەمە لەخۆیدا لەلایەك بێبەهاکردنی خوێنی قوربانییەکانە، زەبرێکی کوشندەشە لە نەتەوەسازی و نیشتمانسازی، وێڕای ئەوەی کە زەبرێکە لە جێبەجێکردنی دادوەری.

# حیکمەت فایەق:
# هێزی بێشمەرگە و پاسداری ئێرانی ڕێگرییان لە خەڵکی هەڵەبجە دەکرد بچنە دەرەوەی شار



ئا/ نوگرەسەلمان

حیکمەت فایەق، پێشمەرگەی پارتیزانی سەردەمی ئەنفال، کە هاوکات (10) کەس لە خوشك و برا و دایکی لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە شەهید بوون، لەم دیدارەی (نوگرەسەلمان) بەم شێوەیە، دوا:

*** چۆن تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە روویدا؟**

– هاوسنووربونی شاری هەڵەبجە لەگەڵ وڵاتی ئێران، هۆکاریك بوو بۆ ئەنجامدانی هێرشکردنە سەر شاری هەڵەبجە، ئەو کات حیزبە کوردییەکان و ئەنجومەنی باڵا و هێزی بەدر و حیزبی دەعوە هاوپەیمانی ئێران بوون، ئێران هاوکاری دەکردن و هەر بۆیە ئێران بڕیاریدا هەڵەبجە بگرێت بە هاوکاری ئەوان، سەرەتا کوبونەوەیەکی بەرفراوانیان ئەنجامدا لەشاری کرماشان بو ئەوەی ئامادەکاری بکەن بۆ گرتنی هەڵەبجە، هەر یەك لەم حیزبانە ئامادەیی کوبونەوەکە بوون، کە هاوپەیمانی ئێران بوون (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سوشیالیستی کوردستان، بزوتنەوەی ئیسلامی، ئەنجومەنی باڵا و حیزبی دعوە، هێزی بەدر).

لە کوبونەوەکەدا پلانێکیان دانا و میحوەرکانیان دابەشکرد، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی ئێران و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و هێزی بەدر هێرش بکەنە سەر شاری هەڵەبجە، پارتی دیموکراتی کوردستان میحوری هەورامان ناحیەی سیروان پێ سپێردرا، حیزبی سوشیالیست سنوری پردی زەڵمی پی سپێردرا، بزوتنەوەی ئیسلامیش بەلوجستی هاوکاری هەموو هێزەکان بکات.

لە ڕۆژی (1988/3/13)، هێرش دەستی پێکرد، لە هەموو سنورەکانەوە بە ڕاجیمە ناو شاری هەڵەبجەیان بۆمباران کرد و هێرش بەردەوام بوو تا تەواوی شاری هەڵەبجە و ناوچەکەیان کونتروڵ کرد.

*** دوای کۆنترۆڵکردنی هەڵەبجە لەلایەن هێزی پێشمەرگە و پاسداران، دۆخی ناو شارەکە چۆن بوو؟**

– پێشمەرگە و پاسدار هاتنە ناو شارەوە، خەڵکی ترسی لێ نیشتبوو، دەیانزانی حکومەتی بەعس هێرش گەورە ئەنجام دەدات، هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر هەوڵی خورزگارکردنیان دەدا بۆ دەرەوەی شاری هەڵەبجە، بەڵام هیزی بێشمەرگە و پاسداری ئێرانی ڕێگرییان لە خەڵکی هەڵەبجە دەکرد بچنە دەرەوەی شار، بە بیانوی ئەوەی هەڵەبجەیان ڕزگار کردووە و بارەگا لە ناو شاری هەڵەبجە دەکەنەوە و پێکەوە لە شارەکە دەژین.

لە ماوەی ئەو چەند ڕوژەدا، بەردەوام بۆمبارانی هەڵەبجە دەکرا و خەڵکی پەنایان بو ژێرزەمینەکان دەبرد، لەو چەند ڕۆژەدا ڕاوڕوت و دزی لە ماڵی خەڵك و فەرمانگە حکومیەکان لەلایەن چەند گروپێك لە هێزی بیشمەرگە و پاسدار بەردەوام بوو.

*** ساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعس چۆن دەستی پێکرد؟**

– ڕۆژی چوارشەممە (1988/3/16) کاتژمێر (11.35) دەقیقەی پیش نیوەڕۆ، دەیان فڕۆکەی جەنگی ڕژێمی بەعس، کەوتنە بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە چەکی قەدغەکراوی کیمیاوی و هەزاران بۆمبیان ڕژان بەسەر شارەکەدا و دەیان فڕۆکەی جەنگی جۆری (سیخۆ و میراج) ئاسمانی شارەکەیان داپوشی بوو، مەرگی بە کۆمەڵ هەموو کوچە و کولانیکی داپۆشی بوو، بە شیوەیەك دیمەنەکانی مەرگ سەرتاپای هەڵەبجەی گرتبوەوە، ڕیگاکان هەمووی گیرابوون بە تەرمی شەهیدانی تاوانەکە، ژێر زەمینەکان زۆرترین قوربانی تێدابوو.. ئەوانەشی کە مابوون، زوربەیان کیمیاوی لێی دابوون، خەڵکی ڕوویان لە سنورەکان کرد بۆ خۆدەربازکردن، بریندارەکان کە مەزندە دەکران بە (10) هەزار بریندار چوونە نەخۆشخانەکانی ئێران، خەڵکەکەش لە ئۆردگاکانی (پاوە، سەریاس، جوانڕۆ، کامیران، سنە، سنغور، مریوان، هەزارخانی، کەنگاوەر) نیشتەجێکران.

*** خانەوادەکەت چۆن شەهید بوون؟**

– خانەوادەی ئێمەش یەکێك بوو لەو خانەوادانەی لەو تاوانەدا شەهید بوون، ئەوکات من پێشمەرگە بووم و هەموو کات خێزانەکەم خەمی منیان بوو، قەدەر وابوو ئەوان هەموویان شەهیدبوون و من مامەوە.

ماڵمان لە گەڕەکی جولەکەکان بوو، خانویەکی دوو نهۆمیمان هەبوو، خیزانێکی گەورە بووین، ژمارەمان (12) سەرخێزان بوو.. ژیرزەمینێکی گەورەمان هەبوو، کاتێ تاوانەکە، خەڵکی گەڕەکەکە هەمووی پەنای بو ئەو ژێرزەمینەی ئێمە هێنابوو و نزیکەی (110) کەس لە ژێر زەمینەکەی ماڵی ئێمەدا بە گازی کیمیاوی خنکابوون و شەهیدبوون، دایك و خوشك و براکانم هەموویان شەهیدبوون، باوکیشم دوای شەش مانگ، بە برینداری شەهید بوو، هەموو قوربانیەکانی بنەماڵەی ئێمە ژمارەیان (10) شەهید بوو.

*** پێتوانیە کاتی هاتووە، ئەو لایەنانە داوای لێبوردن لە خەڵکەکەی بکەن؟**

– ئەو هیزە سیاسیانەی بەشداربوون لەو تاوانە، دەبێت داوای لێبوردن بکەن لەسەر ئەوەی بەشداربوون لە هاوکاریکردنی ئێران بۆ هێرشکردنە سەر هەڵەبجە و دەوربەری، چونکە ئەوان بوونە هۆکاری ئەوەی ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە بدات.. بۆیە دەبێت داوای لێبوردن بکەن.

# دۆسیەی بانکەکەی هەڵەبجە و نهێنییە ونبۆکان!



عەلی مەحمود محەمەد

مرۆڤ کە بیرکردنەوەی باشی هەبوو بۆ کارەکانی، کرداری خراپ ناکات، چونکە ئەو بیرکردنەوەیە دەگۆڕێت بۆ هەست و کاریگەری لەسەر کردارە خودییەکان دادەنێت.. بەڵام شەڕی هەڵەبجە، یەکێك لە بیرکردنەوە سەقەتەکانی سیاسیەکانی ئەوسای کورد بوو کە کرا، بۆیە چاوەڕوانی ئەنجامی باشی لێنەکرا وەك بینیمان، چونکە بیرکردنەوەی خراپی لە پشتەوە بوو، ئەویش لە پێناو بەرژەوەندی گروپەکان، گەل تێکەڵاو بە شەڕێکی ماڵوێرانکەر کرا. لە زۆر لاوە کە دەیخوێنیتەوە، شوێن پەنجەی شەیتانانە بە تاوانەکەوە دیارە و ناشرینیەکانی بە عەبای دراوی پیسی ئێستای ئەم سیاسیانە ناشاردرێتەوە.. مێژووی تاوانی هەڵەبجە مێژوویەکە لە ناو گازو ئێسك و پروسك و ناشرینی و تاواندا غەرق بووە، لە هەموو (3/16)ـیەکدا سەر دەردێنێتەوە.

ئەوانەی تاوانیان ئەنجامدا لە هەڵەبجە، لە بەعسەوە بۆ ئێران و بۆ حیزب و تاکی لایەنە کوردییەکان (چونکە تاوانی مەزن و دزی دەخرێتە ئەستۆی تاکەکان، بەڵام لێپرسینەوە و سزادان لە ئەستۆی لایەنەکانە، کە ئەنجامیان نەدا، ئەوجا دەبنە شەریکە بەش لە تاوان و گەندەڵی). ئەوان هەموو لەو ڕۆژانە مرۆڤایەتییان لە ناخی خۆیاندا کوشت، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ سووککردنی تۆمەتەکەیان بدرێت و داکۆکیان لێ بکرێت، دەچێتە چوارچێوەی خیانەت لە قوربانیانی تاوانەکە و رزگارکردنی تۆمەتبار لە لێپرسینەوە و دەرخستنی راستییەکان.

تاوانی هەڵەبجە هەر ئەوە نییە، کە نغرۆبوونی شار لە گازی کیمیاوی و (5000) قوربانی و ئازاری کامیلەکان و عەلییەکان و ئاراس و لوقمان و حیکمەتەکان و دەیانی تری لێکەوتبێتەوە، یان ڕووی دڕندەیی رژێمی بەعس دەرخست بێت، یان ئەوانەی ئەمرۆ قازانجیان بینیووە لە روخاندنی سەدام.. بێن لە هەڵەبجە، لەسەر مۆنۆمێنتی قوربانیان، نەعلەتی رژێمی بەعس بکەن و شەرعیەت بە دەسەڵات و کردارەکانیان و جەنگەکانیان بدەن.

سیاسیەکانی کورد هەمیشە قازانج و تام لە بینینی ڕۆڵی قوربانیبونەوە دەبینن، تۆمەتبارانی (3/16)ـش کە دزیان کرد و هەڵەبجەیان بە هەڵە کوشندە سیاسییەکانیان بەرەو ئەو مەرگە ساتە برد بەهێنانی سوپای ئێران، ئەو رۆژانەی دواتر خۆیان بە بەشێك لەو قوربانیانە دەناسێنن، بۆ ئەوەی چیاوگی سیاسیان پێ بدرێت.

ئەو جەنگاوەرانەی لە پەلاماری شاری هەڵەبجەدا، رزگارکردنی دراوی ناو بانکەکەی هەڵەبجەیان بە بەهاتر دەزانی لە رزگارکردنی خەڵکەکەی، وێنەی کەسایەتی راستەقینەی ئەو فەرماندارانە دەکات، واتا لە پلەبەندی بەهاکاندا لای ئەوان هەمیشە پارە گرنگترە لە مرۆڤ، وەك دواتر رونتر سەلماندیانەوە، پارە هەمیشە تاقیکردنەوەی باڵا بووە بۆ فەرماندارانی کورد و هەمیشە بەرەو بێباوەڕی و خیانەتیانی بردوون، وەك عەلی وەردی دەڵێت:"تا بەرژەوەندی زیاتر بێت، باوەڕ لاواز تر دەبێت"، ئەوانیش ڕێچکەی ئێستایان بۆ ئەو رۆژانە دەگەڕێتەوە.

چیرۆکی تاڵانکردنی بانکەکەی هەڵەبجە، تاکو دنیا دنیایە، لە پاڵ وێنەکەی عومەری خاوەر، دەربڕی مەزلومیەتی خەڵکی ئەم شارەیە، کە لە چرکەساتێکدا روح و ماڵ و سەرمایەکانیان هەموو پێکەوە دزران، بڕینی بانکی هەڵەبجە لە دیرۆکی تاوانەکاندا بووە بە سومبولی تاڵان و بڕۆی شار لەلایەن هێز گەلێکەوە گوایە بۆ بەختەوەری و یەکسانی دەستیان داوەتە چەك و پەیمانی بوون بە رۆبن هودیان دابوو بە هەژاران، کەچی لە پڕ دەبن بە گەورەترین دز، هەر وەك چۆن عومەری خاوەر بووە بە سومبولی پێنج هەزار شەهیدی شاری هەڵەبجە و هەموو قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە جیهان، بەهۆی باوەشدانی لە کورە تاقانەکەی، ئاوا ئەوانیش بوون بە ناشرینترین دزی کوردی.

تاوانی هەڵەبجە پڕە لە چیرۆکی سەیر و سەمەرە، چ لەلایەن بەعس و ئێرانەوە، یان لەلایەن لایەنە کوردییەکانەوە، بەمەش هەندێك فەرماندەی پێشمەرگە بوونە جەلاد و جەماوەریش بووە قوربانی دەست قوربانی وەك ئێدوارد سەعید دەڵێت"بوونە قوربانی قوربانی".

جیهانی غەریب و عەجائیب، ناشرینی بێ وێنە، ناشرینیەکانی ئەو کات، بە دەسەڵات و هێزو دەوڵەمەندی ئەمرۆی تۆمەتباران، هەرگیزا و هەرگیز ناشاردرێتەوە و جوان ناکرێت، بە زەبروزەنگیش پرسیارەکان لە قوڕگی جەماوەر خەفە ناکرێن، هەر دەبێت لاپەڕەکانی هەڵبدرێتەوە بۆ ئەوەی وەك خۆی چۆن بووە ئاوا بچێتە مێژووەوە.

ئەزموونی ناشرین و سەرنەکەوتوو پێویستی بە شیکردنەوەی قول هەیە نەك شاردنەوە، پێویستە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی لەسەر بکرێت، پێویستە بە بۆچوونی نوێوە سەیری ئەو ئەزموونە بکرێت، هەموو ئەزموونێك بە نرخە و پێویستە ئەنجامگیری و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی لە سەری بکرێت، شیکردنەوەی ئەزمونەکان باشتر کەسە سەرکەوتوو و شکست خواردووەکان لە قۆناغە مێژووییەکاندا دەناسێنێت، لە ئەزموونە تاڵەکان مرۆڤەکان وەك ئەوەی هەن دەناسرێن و قیناعەکان هەڵدەماڵرێن و رووەکان ئاشکرا دەکرێن، وەك لە هەڵەبجە روویدا، پێچەوانەی بیروباوەڕ، لایەن توشی قەیرانی ناسنامە دەکات، ئەمەش وایکرد و وادەکات هەموو بیروباوەڕەکانی تۆمەتبار بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، گومان لە سەر هەموو رابردووی تاوانکار درووست بکات، هەڵەبجە بەم ئەرکە هەستا و ئەم پەیامەی گەیاند و تەواوی بیروباوەڕی ئەو شۆڕشگێڕە ئەفسونیانەی بردە ژێر پرسیارەوە، کە تاوانیان بەرامبەری کرد.

سەرکردەکانی ئەوکات، ئەوانەی کە بڕیاری ئەم کردە سەربازیەیاندا، هیچ کات نایانەوێت باس لەم تاوانە بکرێت و رووبەرووی رەخنە ببنەوە، یاخود هەر قسەیان لەسەر بکرێت، چونکە لە نیەتیاندا نییە دووبارەی نەکەنەوە، جۆرج سانتیانا دەڵێت:"ئەو کەسانەی کە ناتوانن رابردوو وەبیر خۆیان بهێننەوە، تاوانبارن بە دووبارە کردنەوەی (ل132، نهێنی سەرکەوتن لە ژیاندا/برایان ترێسی، وەرگێڕانی محەمەد شەهدی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات 2009)..

کەواتە نهێنی دان نەنانی ئەوان و ئەمان بە راستییەکان چییە؟، جگە لە بردنەوەی گەل بۆ نەهامەتییەکی دیکە و بەرهەمهێنانەوەی شکست و ناشرینیەکان.

یەکەم کاری هێزە داگیرکەرەکەی هەڵەبجە لە دوای (15 ئازاری 1988)ـەوە، نە پاکسازی شار بووە لە هێزە سەرکوتکەرەکان، نە ڕێکخستن و هوشیارکردنەوەی خەڵك بوو لە هەموو ئەگەرێك، نە سەردانی ڕێکخستنەکان و ماڵی شەهیدان بووە، بەڵکو تاڵان بووە، پاش شکستی چاوەڕوانکراوی هێزەکانی بەعس و دابەزینی هێزە کوردی و ئێرانیەکان و مەجلیسی ئەعلا و حیزبی دەعوە، کارە دزێوەکانی تاڵان و دزی و فەرهودی فەرمانگەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی نوێوە دەستپێکرد و کەوتنە رفاندنی سەیارە و مومتەلەکاتی فەرمانگەکان، پاشان بووە کێشە و کێبڕکێ بۆ داگیرکردنی بیناکان بۆ کردنیان بە بارەگای حیزبی (لڤین ـ ئەو هەڵە ستراتیژییەی کیمیابارانی لێکەوتەوە ـ یاسین رەسول عوسمان ـ ژمارە 87 لە 15ی مارتی 2009 ل12).

ئەوەندەی لە شەڕی هەڵەبجە گرنگی بە پاراستنی بانکی شار و پارەی ناو قاسەکەی درا لەلایەن فەرماندە سەربازیەکانی پێشمەرگە و ئێرانەوە، بە ئەندازەی زەرەیەکی ئەوە گرنگی بە سەلامەتی خەڵکی شار بدرایا، ئەوە ژمارەیەکی زۆر کەمتر لەوەی ئێستا هەیە قوربانی دەدرا، کە دواتر وەك خۆیان چەندینجار دوبارەیان کردۆتەوە، ژمارە زۆرەکەش (5000) بۆیان بوو بە نیعمەت و دەستکەوتی هەڵەبجە لە پارەی ناو بانکەکەوە کردە ملیارها دۆلار.

ئەوانەی ئێستا من دەیاننووسمەوە، وتەی من نین، بەڵکو شایەدی و وتەی خودی فەرماندەکانی هێرشەکانن بۆ سەر شاری هەڵەبجە، وەك دەبینین لە ناخۆشترین هەلومەرجی سەربازیدا، لە سەردەمی مەرگی بە کۆمەڵی گەلدا، فەرماندەکان هەموو بیر و هۆشیان لای دەسکەوتە و ژیانی چەندین هاوڕێی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە لە پێناو پاراستنی پارووی چەوری ناو قاسەکە، (ئێوارەی یەکەمی گرتنی هەڵەبجە، یەکێك لەو شوێنانەی بایەخی زۆرمان پێدا بانکی هەڵەبجە بوو.. کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988 ـ شەوکەت حاجی موشیر ل 52).

دوای گرتنی شاری هەڵەبجە، (ی ن ك) ئەرکی پاراستنی بانکەکەی گرتۆتە ئەستۆ، بۆیە هەموو تۆمەتەکان بەرەو رووی کەسانی ئەو حیزبە دەکرێتەوە لە بڕینی بانکەکە (چەند پێشمەرگەیەکی ی ن ك کە ژمارەیان 15 کەس دەبوو بە سەرپەرشتی م.ح.ع ماوەتی و بە فەرمانی بەرپرسەکەیان بانکیان گرتە ئەستۆ، لەو ماوەیەدا دووجار بە کۆستەرە و لەحیم هەوڵیاندا قاسەی بانکەکە بشکێنن، بەڵام بە هۆی تۆکمەیی قاسەکەوە کە لە ناو دیواردا بوو، بۆیان نەشکێنرا ـ لڤین - ژمارە 87 ـ ل15).

قادری سەعید سۆفی، بەڕێوەبەری بانکی هەڵەبجە بڕی پارەی ناو بانکەکە دیاریدەکات و دەڵێت:(بانکی هەڵەبجە ئەو کات بڕی (870000) دیناری خەڵکی تێدا بوو هەموی دزرا...کێ بانکەکەی هەڵەبجەی بڕی ـ لڤین ژمارە 87 ـ ل 16 ـ هونەر حەمە ڕەشید ـ عیرفان ئەحمەد ـ بژار ناشاد).

قادر سەعید سۆفی:(بانك دوو کلیلی هەبوو، یەکێکیان لای من بوو، یەکێکیشیان لای بەرپرسی سندوق بوو، ئەوانەی بانکەکەیان بڕی کلیلیان نەبوو، بەڵکو بە (TNT) دەرگاکەیان تەقاندبووەوە و شکاندبویان، دواتر هەموویان دزی بوو، کە ئێمە دوایی گەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە، بۆمان دەرکەوت بەم شێوەیە دزراوە ــ لڤین ژ 87 - ل17).

وەلێ حەمەی حەمە سەعید دەڵێت: (قادری سەعید سۆفی وتویەتی (5) سەعات بەر لە گرتنی هەڵەبجە، بەرپرسی ئیستخبارات کلیلەکانی لێوەرگرت بێت و گومانی ئەوە هەیە، ئەوان واتا عێراق چی تیابوبێت بردبێتیان قفلیان کردبێتەوە ـ گازبارانی هەڵەبجە و راستی رووداوەکە ـ حەمەی حەمە سەعید چاپی یەکەم 2014 لاپەرە 101).

بەڵام پێشمەرگەیەکی ئەو کاتی ی ن ك رای جیاوازی لەمبارەیەوە هەیە، فایەق گوڵپی دەڵێت:(بانکی هەڵەبجە پێش تەقاندنەوەی، کلیلەکەی وەرگیرابوو لە بەڕێوەبەری بانکەکە، پێش تەقاندنەوەی پارەکە دزرابوو، من وامبیستووە بەڕێوەبەری بانکەکە کلیلەکانی داوەتە شەوکەتی حاج موشیر و ئەو پارەکەی دزیووە، یەکێتی و پارتیش دواتر هەندێك لە کادیرەکانی خۆیان سزادا لەسەر ئەو بابەتە، هەندێك لەو کەسانەیان گرت وەك کەماڵ شاکیر لە سنە، بەڵام دوایی حکوومەتی ئێران دەستیخستە ناو کارەکە و سوڵحیان کرد لە نێوان خۆیاندا، بەڵام ئەوە دەڵێم، کە مامۆستا شاهۆ و حەمەی حەمە سەعید یەك شتیان نەدزیووە، کە ئەوان زۆر دژایەتی منیش دەکەن لە ناوچەکە، ناکۆکی نێوان نەوزاد نۆرۆڵی و شەوکەتی حاجی موشیر لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە بوو، کە شەوکەت هەندێك شتی هێنابوو، بەڵام نەوزاد شکاندبووی ــ لڤین ـ87 ـ ل17)...".

دەبینین بە (870000) دیناری ئەو کاتەی بانکەکە و ئاڵتونەکان، دڵیان ئاوی نەخواردۆتەوە، بەڵکو پەلاماری شتی بچوکیشیان داوە، هەرچەندە حەمەی حەمە سەعید لە هەمان لاپەڕەی پەرتوکەکەیدا دەڵێت:"لەم کاتانە یەکێتی هەڤاڵ جەبار فەرمانی ناردە ناوچەکە لەگەڵ لیژنەیەك بۆ دوو ئەرك، یەکەم سەرپەرشتیکردنی هێزەکانی یەکێتی لە ناوچەکە و دووەم بۆ لێکۆڵینەوە لەو کەسانەی کە وتراوە دەستیان بۆ ماڵی خەڵك درێژ کردووە... چەند کەسێکیان بانگ کرد و چەند رۆژێش گلیان دانەوە لە گوندی جەلیلە، پارتیش بەهەمان شێوە لیژنەیەکی لێپرسینەوەیان دانا و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ چەند کەس کرد، بەڵام کەس سزا نەدرا".

لە کاتێکدا هەڵەبجە بۆنی سێو و سیرە بۆگەنی خەردەل دای گرتبوو، قوربانیان بە لۆری تەرمەکانیان بار دەکرا و بە کۆمەڵ دەنێژران بە سەر یەکترەوە و بە بەرچاوی کامیراکانی جیهانەوە، عومەری خاوەر خەوی ئەبەدی بە رزگارکردنی کورە تاقانەکەیەوە دەبینی، مردن تەنها بە مووی لە هەمووانەوە دوور بوو، کەس باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد، لەو شەوە چارەنووسسازەدا فەرماندەی گشتی ڕزگارکردنی هەڵەبجە خەوی پەمبەیی بە ڕزگارکردنی قاسەکەوە ببینێت، ئەوەی دەیڵێم وتەی من نییە، بەڵکو دانپێنانی خودی فەرماندەی هێرشەکەیە بۆ سەر هەڵەبجە، خەڵك دەنێرێت بۆ ئێران، بەڵام نەك بۆ هێنانی داودەرمان بۆ بریندارەکان، بەڵکو بۆ پەیداکردنی کۆسرە و مەکینەی لەحیم و موجازەفە بە روحی هاورێکانیەوە دەکات بۆ شکاندنی قاسەی بانکەکەی هەڵەبجە و گەیشتن بەوانەی ناوی:(شەوی (17/16 ـ3ـ 1988)، بە ئامێری هۆکی تۆکی هەوڵمدا تاوەکو کاك مەجیدی حاجی عەلیم پەیداکرد و لێم پرسی کێ لای بانکەکەیە ئایا ئێوە ئێستا لە کوێن، وەڵامی دامەوە ئێمە و هەموو پێشمەرگەکان لە شار نەماوین و کەس خۆی لەناو شاردا ناگرێت لە ترسی کیمیاباران، کەس خۆی نادا بە کوشت بۆ پاسەوانی کردنی بانك. وتی خەمت نەبێت نەك هەر ئێمە، بەڵکو هیچ کەس لەو گەڕەکەدا نەماوە لە ترسی کیمیاوی، بۆ رۆژی 1988/3/18 تۆزێك بارودۆخەکە هێور بوویەوە و بۆردومانی ناو شار کزبوو، دوبارە داوام لە کاك مەجید حاجی عەلی کرد کە بە خۆی و پێشمەرگەکانی بڕۆنەوە ناو شار بۆ پاراستنی بانکەکە، تا بزانین چی لێ بکەین، هەر بەو شێوەیە بە هەزار حاڵ توانیمان پێشمەرگەکان رازی بکەین بڕۆنەوە ناو شار و ئاگایان لە بانکەکە بێت، هەرچەندە هەموو ئەیانووت کاك شەوکەت، پێشمەرگە ناتوانێ لەناو شاردا بمێنێت، هەندێکیان بریندار بووبوون و ڕۆیشتبونەوە بەرەو وڵاتی ئێران، ئەوەشی کە ماوە خۆیان ناخەنە بەر مەترسی مردن لەبەر قاسەیەك کە نازانرێت چی تێدایە... کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988 ـ شەوکەت حاجی مشیر ل53).

لەو ڕۆژانەدا نەك تەنها مرۆڤ، بگرە بەرد و شاخ و زەویش خۆی لەبەردەم شوێنەواری ژەهر بارانەکە نەدەگرت، کەچی نیگابانی و پاراستنی بانکەکە بەردەوام بوو بە چرکەش لێی جیانابنەوە، مێش نە دەبوو بە میوانیان چونکە ماسکی دژە گاز و دەرزی دژە کیمیاویان پێبوو، بەڵام بۆ شکاندنی قاسەکە و پاراستنی دەستکەوتەکانی ناوی، لە هەوڵی بێوچاندا بوون بۆی تا پەیدای بکەن، وڵاتان دەگەڕان بۆ پەیداکردنی ئامێر تا دەرگاکەیان بۆ بکاتەوە.

هێشتا تارمایی کیمیاوییەکە بە تەواوەتی لەسەر شار نەنیشتبووەوە، تەرمی قوربانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان نەنرابوون، تەرمەکان لە ژێرزەمین و ئەمبەر و ئەوبەری جادە و ڕێگاوبانەکان و کۆڵانەکان کەوتبوون، بەرپرسانی پێشمەرگە بۆ شاری پاوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەچن بۆ هێنانی کۆسرە و لەحیم تا قاسەکەی پێ بشکێنن، تا غەنیمەکە حەڵاڵ بکەن، (بۆ ئەم مەبەستە، کاك حامید و مامۆستا صاڵح، رۆیشتن بۆ پاوە لەوێ دینەمۆ و کۆسرەیان هێنا، چونکە لە هەڵەبجە کارەبا نەمابوو، بەهۆی بوردومانەکەوە)، بەڵام حامیدی حاجی غالی لە کەناڵی ئێن ئارتی دەڵێت:"من لە هەڵەبجە نەمابووم، لەو کاتە مەشغولی حیزبی دیموکرات بووم"، وتەکانیان پێچەوانەی یەکترە، مامۆستا ساڵەحیش واتا ساڵح ژاژەڵەیی رەخنەگرە لەسەر هەموو شت قسەی هەیە ئەمە نەبێت. (رۆیشتبوون زۆر هەوڵیان دابوو بۆ بڕینەوەی قاسەکە، بەڵام بێ سوود بوو و هیچی لێ نەبڕی بوییەوە، چونکە پۆڵایەکی زۆر قایم بوو. بۆ ڕۆژی (3/19) هاتنەوە لام ووتیان هیچ سوودی نییە و ناکرێتەوە ـ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی موشیر ل54).

لە ناکاودا زرمەی ناخۆشتر لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەبیستن، خەونەکانیان دەبێت بە سەراب، هەرچەندە جەماوەر ئەوەندە درۆی بۆ کراوە، باوەڕی بەم سیناریۆیەی خوارەوەش نییە (شەوی 21/ 22 ـ 3 ـ 1988 لە کاتێکدا من و مامۆستا ساڵح قادر و کاك حامیدی حاج غالی و کاك قادر کۆکۆیی لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لە لێپرسراوەکانی "ی ن ك" لە عەبابەیلێ بووین، سەعات 10 شەو گوێمان لە تەقینەوەیەکی گەورە بوو لە ناو شاری هەڵەبجەدا، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی موشیر ل55).

بۆ ئاگاداری ئەم نووسینەی کاك شەوکەت لە وەڵامە بە تۆمەتبارکردنەکانی بۆیە وەك داکۆکینامەیەك نووسراوە تا تۆمەتەکان بڕەوێنێتەوە، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت لەسەر تەواوی وتەی هەمووان.

کاك حەمەی حەمە سەعیدیش لە هەمان پەرتوك کە پێشتر ئاماژەمان پێیدا؛ ئاوا باسی سیناریۆی بڕینی بانکی هەڵەبجە دەکات،(ئێرانییەکان داوایانکرد دەستەیەك پێشمەرگە ببنە پاسەوانی بانکی هەڵەبجە.. شەوێك عێراق زۆر تۆپبارانی ناوشاری کرد، من لە عەبابەیلێ بووم و پێشمەرگەکان هاتنەوە و وتیان ناتوانین لەناو شاردا بمێنینەوە، چەند رۆژ پێش ئەمە یەکێتی ویستی ئەو بانکە بکاتەوە و نەیانتوانی، ئەویش لە ڕێی لیژنەیەکەوە کە ئەوانی لە بیرم مابێت، مامۆستا ساڵح ماواتی و حامید حاجی غالی بوون، بەرپرسی پاراستنی بانکەکە "مەجیدی حاجی عەلی" بوو لە تیپی (37)ـی شار باژێر بوو.. هەر لەو هەفتەیەدا بوو، رۆژێك ئێمە لە خانووەکانی شێخ کەماڵی عەبابەیلێ دابووین، ئۆتۆمبیلێکی پیکاپ لاندکرۆزەر هات، کە هی پاسدارەکانی قەرارگای رەمەزان بوو، ووتیان ئەمشەو بانکەکەیان بڕیووە.. کاك شەوکەت و چەند کەس لە گەڵیان رۆشتن و دوای هاتنەوە، ئێمە پرسیمان چی لێهاتووە؟ کاك شەوکەت وتی: بانکەکە تەقیوەتەوە، بەڵام دیارە پێشتر بە کلیل کراوەتەوە و ئەو پارەو زێڕەی تیای بووە براوە و دواتر تەقێنراوەتەوە، چونکە تەنها پارەی وردەی ئاسن بڵاوبووەتەوە و ئاسەواری زێڕو پارەی کاغەز هیچ نەکەوتووە.. ل100-101).

دوای هەواڵە جەرگبڕەکە بە پەلە خۆیان دەگەیەننە بانکەکە، بە بان تەرمەکانا دەڕۆن و ئاوڕ لە نوزەی بریندارەکان نادەنەوە، لێ بە وتەی خۆیان بەبێ ئومێدی دەگەڕێنەوە، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی هەڵەبجە گومانیان لە ڕاستی ئەم وتەیە هەیە، (هەر شەو سەعات 12 کاك حامیدی حاجی غالی و مامۆستا ساڵح، کە ئەو هەواڵەیان بیست، یەکسەر رۆیشتین بۆ هەڵەبجە، سەردانی بانکەکەیان کردبوو، کە دیبوویان بە تەواوی دیوارەکانی رووخاون و قاسەکەی تەقێنراوەتەوە... کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل 56).

(سەر لە بەیانی من و مامۆستا ساڵح رۆیشتین بۆ هەڵەبجە و سەردانی لای بانکەکەمان کرد، هیچ پاسەوانێکی لێ نییە و قاسە و بیناکە هەموی تەقێنراوەتەوە و لە ناو بەرد و ئاسن و دیوارە روخاوەکانیدا تەنها دوو نیوە تورەکەی بچووك پارەی ئاسنمان دۆزییەوە لە "10 فلس +25 فلس +50 فلس+100 فلس+250 فلس"، کە هەمووی نەی ئەکردە شەش هەزار دینار. سەیر لەوەدابوو کە هەموو ماندووبووین، تەنها یەك لەت دیناری کاغەز یان (10) دیناری یان (25) دیناریمان نەدۆزییەوە، کە بیسەلمێنێ کە قاسەکە بە پارەوە تەقێنراوەتەوە، ئەگەر چەند نموونەیەکمان دەست بکەوتایە، دەردەکەوت قاسەکە بە پارەوە تەقێنراوەتەوە ـ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی موشیر ل 57).

حامیدی حاجی غالی هەرچەندە وتەکانی ناکۆکن لەگەڵ وتەکانی شەوکەتی حاجی موشیر، کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، بەرپرسی پێشمەرگەکانی ی ن ك لە پەلاماری هەڵەبجە، کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە و بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ ئێرانیەکان و پۆستەکەی ناتوانێت تۆمەت هەڵبەستێت بۆ ئێرانییەکان و دەڵێت:(بانکەکەی هەڵەبجە ئێران خاڵی کردەوە، قەناعەتم وایە... شەو بانکەکە تەقێنرابووەوە، رۆژ خەڵك پەنجا فلسی کۆدەکردەوە......کاك شەوکەت کلیلی بانکی دەست نەکەوتووە، نە ئەسڵی هەیە و نە ئەساسی هەیە).

دوای تەقاندنەوەی قاسەکە لە پارەکەی ناوی خۆش نابن و لێپرسینەوەی لەسەر دەکەن، کەچی خوێنی (5000) هاوڵاتی، کەس نییە لێی بپرسێتەوە و تەرمەکانی بژمێرێت و خاوەندارییەتیان لێ بکات، (پێش نیوەڕۆی 1988/3/23 لەوێ کۆبوینەوە، کە لێپرسراوی یەکەمی حیزبەکان هاتبوون لە ناوچەکەدا، چونکە کۆبونەوەکە لەسەر داوای من بوو، لە پێشدا من قسەم کرد و پێم ووتن تەقینەوەی ئەم بانکە نابێت هەروا بە ئاسانی بڕوات بە تایبەت ئێمە وەك (ی ن ك) لێپرسراوی یەکەم بووین لە سەرەتای شەڕدا، کە شاری هەڵەبجە گیراوە ـ شەوکەتی حاجی موشیر ل58).

گرنگ نییە بانکەکە و پارەکەی ناوی کەوتبێتە دەست کێ، کە زۆر ریوایەت و چیرۆکی جۆراوجۆری لەسەر دەگێڕنەوە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی دزیوەیتی بەشێك بووە لە هێزی بەناو رزگارکەری هەڵەبجە"سەری هەڵەبجەییەکان بۆ بەعس و ماڵەکەشیان بۆ هێرشبەران".

ئەوەی جێگای سەرنجە بۆ ئێمە، ئەوەندەی گرنگی بە بانکەکەی هەڵەبجە دراوە لەو رۆژە رەشە، هەزار یەکی ئەوەندە گرنگی بە چارەنووسی خاوەنەکانی پارەی ناو بانکەکە نەدراوە!.

لە کاتێکدا خەڵکی هەڵەبجە بەهۆی دەبەنگی بڕیاردەرانی شەڕی هەڵەبجەوە سەرو ماڵیان چوو، ئەو پارەیەی دایان نابوو بۆ رۆژی رەش، بووە پاروی چەوری دزەکان، لە رەشترین رۆژی ژیانیان فریایان نەکەوت، سەیر بکەن کەسێك ئاوا چیرۆکی هاووڵاتیەکی داماو دەگێڕێتەوە، کە هەوڵی وەرگرتنەوەی پارەکەی بووە لە بانکی هەڵەبجە لەو کات و ساتەدا.

"بانکی هەڵەبجە دەکەوێتە ناوەندی شار و بانکێکی کۆن و تۆکمە بوو، لەو کاتەدا پیاوێکی دراوسێمان بەڕێوەبەری بوو، زۆر باش لە یادمە لە حەوشەکەماندا باوکم و بەڕێوەبەری بانك و چەند پیاوێکی دراوسێمان گفتوگۆیان دەکرد دەربارەی هێرشەکە و ئایندەی هەڵەبجە و کاردانەوەکان، پیاوێکی هەورامی هات و داوای (16000) دیناری سویسری دەکرد، بەڕێوەبەری بانك سوێندی خوارد؛ کە کلیلەکانی لێسەندراون و ئاگای لە بانك نەماوە، لە راستیدا نازانم ئایا پیاوانی رژێم کلیلەکانیان لێسەندبوو یان پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان (لڤین -ژ87 - ل15)".

# نوگرە سەلمان
Nugireselman

بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆی تایبەتە بە پرسی جینۆساید و ئەنفال

ژمارە (10) لە 2022/3/16 بەرانبەر بە 25 ڕەشەمێ 2707



خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر

عەلی مەحمود محەمەد

07503714620

بەڕێوبەری نووسین

هێمن حەسیب

07701206912

دەستەی نووسەران

حەمزە قاسم عەلی ـ دیمەن محەمەد نوری

سۆران مامە حەمە ـ فەخری

حەمە سەعید زەنگنە ـ فەخری

ئیدریس حاجی سەعید ـ فەخری

زایر زەنگنە ـ فەخری


**لاپەڕە (1)ـی سەرجەم ژمارەکانی پێشووی بڵاوکراوەی**

## نوگرە سەلمان
Nugireselman

**جگە لە ژمارە (8)، کە داخەوە بە شێوەی ئەلیکترۆنی و کاغەز بەردەست نەبون**


نوگرە سەلمان

کەسوکاری ئەنفالەکان نایانەوێت یادی ئەنفال بکرێتەوە

2008/4/14


سەروتار

تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە)

تیرۆرکردنی دەنگ و قەڵەمی ئازادە

پرسە و سەرەخۆشی ناوەندی (چاک)

نوگرە سەلمان


نوگرە سەلمان

2009/7/21

دۆسیەی تیرۆرکردنی سۆران مامە حەمە چی لێهات؟

گردبوونەوەیەک لە بەردەم (ICC) لە هۆڵەندا


نوگرە سەلمان

2010/4/13

بەجیهانی ناساندنی کارەساتی ئەنفال ئەرکی هەموانە


نوگرە سەلمان

2011/3/17

"KNK" لە پەرلەمانی ئەوروپا...

کار بۆ بە جینۆساید ناساندنی هەڵەبجە دەکات


نوگرە سەلمان

جاودێری کوردۆساید ڕێزلێنان بۆ (٤٠) شایەتحاڵی کەیسی هەڵەبجە دەکات


نوگرە سەلمان


نوگرە سەلمان

لە کەرکووک یادی تەهیدکردنی سۆران بەڕێوەچوو